ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەرێدەکات

ژمارە 545 سێشەممە 1/ 9/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.545 Tue 1/ 9/ 2009

٢

بۆ پەرلەمانتاران لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکدا شکستیان هێناوە؟

پارێزگای سلێمانی داواکاریی لیژنەی نەزاهەی عێراق لە حساباتی پارێزگا بکۆڵێتەوە

سەنگەر جەمال

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داواکاریی لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کارو پڕۆژەو چۆنێتی سەرفکردنی بودجەی پڕۆژەو کارەکانی پارێزگای سلێمانی بکۆڵێتەوە.

دوێنێ (٥) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سەردانی پارێزگایان کرد، ئەوەش دوای داواکردنی ئەنجومەن بۆ «دەرخستنی راستییەکان و بەدرۆخستنەوەی ئەو تۆمەتانەی» دەدرێتە پاڵیان.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوەی خستەڕوو؛ دوای ئەوەی «هەندێک لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان کەوتنە وێژەی ئەنجومەن و پارێزگای سلێمانی» و بڵاوکردنەوەی ئەوەی کە پارێزگای سلێمانی ئختیلاسی کردووە لە کارو پڕۆژەکاندا، داوایان لە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران و مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانە کردووە کە لیستیان هەیە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەوەی لیژنە دروست بکەن بۆ ئەو کارو پڕۆژانەی پارێزگا، وتی: «بەڵام وەڵاممان نەدرایەوە، بۆیە داوامانکرد دەستەی نەزاهەی عێراقی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە کارو پڕۆژەکانمان و چۆنێتی سەرفکردنی پارەکان بکرێت، نوێنەرەکانی پەرلەمانی بەغداش پێیانباشە لە هەموو ئەو کارو چالاکیانە بکۆڵنەوە لە پارێزگای سلێمانی لە (٢٠٠٣)وە تائێستا کراون، کە چۆن کاری تیادا کراوەو بودجەکەی چەندبووەو چۆن خەرجکراوە».

لای خۆشیەوە ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بە سەردانەکەیان کرد بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و وتی: «یەکەمجارە لەلایەن پارێزگایەکەوە نەزاهەو چاودێری دارایی گشتیی عێراق بانگبکرێنە کوردستان و بە ئیشو کارو حساباتیاندا بچنەوە، کە داواکارییەکی شەفافانەیە ئەگەرنا داوای ئەوە ناکەن، ئێمە داوامانکرد بەڕەسمیی داواکەیان پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکەن و لەگەڵیان کۆببوونەوە»، وتیشی: «من داواکەم لیژنەیەک پێکبێت لە بەغدا بۆ ئەوەی بێینە سلێمانی و لە هەموو ئەو پڕۆژەو بودجانەی سلێمانی بکۆڵینەوە، تابزانین ئایا ئەو کەموکورتیانەی باسدەکرێت تاچەند راستەو کێ لێی بەرپرسە؟»، ئەوەشی بە مافی خۆیان زانی بۆ لێکۆڵینەوەلەو بودجانەی لە عێراقەوە تەرخاندەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن گرێبەستەکان کراون و لە چ پڕۆژەیەکداو چۆن خەرجکراوە.

هەروەک کاوە عەبدوڵڵا، ئاماژەی بەوەکرد؛ کە ئەوان دڵنیان لە کارەکانی خۆیان ئەگەر وانەبێت داوای لیژنەی نەزاهەیان نەدەکرد، وتیشی: «ئەو کەموکورتیانەش کە باسدەکرێن و دەخرێنە پاڵمان چەند تۆمەتێکی بێ بنەمان، لەبەرئەوە دەمانەوێت بزانین بۆ ئێمە بەرپرسیارین، لە کاتێکدا بودجەی ئێمە (٠,٥٪)ی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە، با نەزاهە یەکلایی بکاتەوە کە کێ بەرپرسیارە».

پەرلەمان کۆنابێتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

ئەمڕۆ پشووی هاوینەی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی دێت، بەڵام هیچ کۆبوونەوەیەک بۆ دەستپێکردنی دەوامی فەرمیی پەرلەمان لەخولی نوێدا ناکرێت.

تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان ناکرێت، بەڵام پێدەچێت لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی کۆتاییهێنانی پشووی هاوینە ببەسترێت.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پشووی هاوینە لە ١/٧ی هەموو ساڵێکدا دەستپێدەکات و لە ١/٩ کۆتایی پێدێت و ساڵانی ڕابردوو بە ڕێکخستنی مەراسیمێکو بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمو هەندێکجاریش سەرۆکی حکومەت کۆتایی بە پشووەکە دەهێنرا، بەڵام بە وتەی تاریق جەوهەر، تائێستا دیار نییە کە بۆ کۆتاییهێنان بە پشوو و دانیشتنی یەکەمی خولی نوێی پەرلەمان مەراسیم دەکرێت یان نا.

ڕۆژنامە دەبێتە هەفتانە

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٧) لە ئۆفیسی ڕۆژنامە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (١٠٠)ی ڕۆژنامەوە، کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداریی ستافی ڕۆژنامەو کۆمپانیای وشەو چەند دۆستێکی نزیک ساز درا، یەکێک لە خاڵەکانی ئەو دانیشتنە گفتوگۆکردن بوو لەسەر گۆڕینی شێوازی دەرچوونی ڕۆژنامە لە ڕۆژانەوە بۆ هەفتانە.

لەو دانیشتنەدا زۆرینەی ئامادەبووان بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی ڕۆژنامەگەریی کوردیو ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکانو میکانیزمی دابەشکردن، ڕایان وابوو کە ڕۆژنامەکە بکرێتە هەفتانە، بەڵام دوا بڕیار بۆ دەستەی نووسەران بەجێهێڵراو دەستەی نووسەران بڕیاریاندا بە ڕۆژانەیی بهێڵرێتەوە، لەو ساتەوە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ کەوتە ئەستۆی ڕۆژنامەو دەبوایە ڕۆژانە بە وردیی بەدواداچوونی بۆ بکرێتو لە هەمان کاتیشدا لە هەوڵی دروستکردنی ستافێکی کارای ڕۆژنامەنووسیدا بین، بۆیە بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆرەوە پڕۆژەی بە هەفتانەکردنەکەمان دواخست.

ئێستاش پاش ئەوەی زیاد لە دوو ساڵە سەرکەوتووانە ئەم ستافەی ئێستا توانیان (٥) ژمارە لە هەفتەیەکدا بە چەندین پاشکۆی جۆراوجۆرەوە (کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیکری و..هتد) دەربکەن، لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا هەر هەمان ستاف بلاوکراوەیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردن هاوشانی ڕۆژنامە دەربکەن، کە دەکاتە دوو ڕۆژنامە لە ڕۆژێکدا، لە ئێستاشدا کە خۆشبەختانە کۆمپانیاکەمان خاوەنی تەلەفزیۆنێکی چالاکو ڕادیۆیەکی بەهێزو سایتێکی هەواڵی پڕ خوێنەرە، کە ڕۆژانە دەتوانن ڕووماڵی هەموو ڕووداو و هەواڵە گەرماوگەرمەکان بکەن، بۆیە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوکارانمان لە کۆمپانیای وشە بەباشمانزانی ڕۆژنامەکە لە هەفتەی (٥) جارەوە بکەینە هەفتەی جارێک، کە لەمەودوا ڕۆژانی سێشەممە دێتە خزمەتی خوێنەرانی بەڕێز.

لە هەفتەنامەکەدا هەوڵدەدەین بەهەمان شێوازی جارانمان گرنگیی بە هەواڵو ڕاپۆرتو چاوپێکەوتنو ڕیپۆرتاژو ڕاپۆرتی شیکارییو .... هتد بدەین.

بەدیوێکی دیکەشدا ستافی ڕۆژنامە دەتوانێت دەستکراوەتر بێت لە هاوکارییکردنی دەزگاکانی دیکەی کۆمپانیاکەمان.

دەستەی نووسەران

٣

حکومەتی بنکە فراوان یان زۆرینە؟

٦

نەخشەی ڕێگا

٩

(١) ملیۆن دۆنم زەوی تووشی وشکەساڵیی بووە

«یەک هەڵوێستیی لە یەک لیستییدا نییە، لە گوتاری هاوبەشدایە»

ڕۆژنامە

ژمارەیەک لە سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمان ڕایدەگەیەنن، «بەشداریکردنی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە لیستی جیاواز لە قازانجی کوردە»، لەوبڕوایەشدان یەک هەڵوێستیی لە یەک لیستییدا نییە، بەڵکو لە یەک گوتارییدایە.

د.ڕەئوف عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی بە باشی دەزانێت کورد بە چەند لیستێک بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەدا بکات، چونکە «چەندین سوودی بۆ کورد تێدایە»، د.ڕەئوف لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەکاتی فرە لیستیدا خەڵکی حەماسی زیاتریان دەبێت بۆ کێبڕکێو بەشداریکردن لە دەنگداندا، ئەوەش وادەکات کورد ژمارەی کورسی زیاتر بەدەستبهێنێت.

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرەی قەتەری کە لە ماوەی ڕابردوودا بلاوکرایەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، «یەکگرتوویی کورد لە بەغدا لە یەک لیستییدا نییە، بەڵکو یەک گوتاری کورد دەبێتە هۆی یەک هەڵوێستیی». وتی: مەسەلەی هاو لیستیی یان یەک لیستیی لەگەڵ مەسەلەی یەک هەڵوێستیی جیاوازە بۆ بەغدا. ئێمە وا دەبینین کە فرە لیستیی مانای فرە هەڵوێستی نییەو دەگونجێت فرە لیست بین، بەڵام یەک هەڵوێست بین وەکو نموونەشمان هەیە کە کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەغدا توانی ئەو نموونەیە بەجێبهێنێتو توانی لیستی جیاواز بێت، بەڵام هەڵوێستی هاوبەش بێت.

وردەکاریی لە ل٤دایە

کۆمیتەی ڕاپەڕینی یەکێتیی، کۆبوونەوەی حیزبیی بە مامۆستایانی سنوورەکە دەکات

سیروان عەول

کۆمیتەی (٦)ی ڕاپەڕینی یەکێتیی لە سلێمانی، کۆبوونەوەی حیزبیی بە مامۆستایانی سنوورەکەی دەکاتو لە ڕێگەی وەرگرتنی ناونیشانو ژمارەی مۆبایلەوە داوایان لێدەکات، کە یەکێتیبوونی خۆیان بسەلمێنن.

مامۆستایەکێک لە قوتابخانەکانی ڕاپەڕین کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی: «دوێنێ لەلایەن کۆمیتەی (٦)ی ڕاپەڕینەوە بانگکراین و کۆبوونەوەمان پێکراو ناونیشانو ژمارە مۆبایلیان لێوەرگرتین»، وتیشی: «ئەگەر نەچووینایە لەوانەیە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببووینایەتەوە».

بۆ تۆمارکردنی ناو و ناونیشانو وەرگرتنی ژمارەی مۆبایلەکانیان سەرلەبەیانی دوێنێ کۆمیتەی ڕێکخستنی (٦)ی ڕاپەڕین سەرجەم مامۆستایانی خوێندگەکانی سنووری ڕاپەڕینی بانگکردو لە یەکەم ڕۆژی موباشەرەی مامۆستایاندا داوا لە مامۆستایانی ئەو سنوورە کراوە، کە «دەبێت یەکێتیبوونی خۆیان بسەلمێنن».

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی (٨/٢٠) لە یەکەم ڕۆژی موباشەرەی مامۆستایاندا بۆ خوێندگەکانیان، دووبارە مامۆستایان لەلایەن هەمان کۆمیتەوە بانگکراونو کۆبوونەوەیان پێکراوەو داوایان لێکراوە یەکێتیبوونی خۆیان بسەلمێنن، ئەم کۆبوونەوە حیزبییە بە مامۆستایان لەکاتێکدایە یەکێتیی لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەنیازە حیزبو حکومەت لێک جیابکاتەوە، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا.

لە چاوەڕوانیی کابینەی نوێدا

ئەو لیستانەی دەیانەوێت بێنە حکومەتەوە، پێویستە پابەندی بەرنامەی لیستی کوردستانی بن

پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان ترسە لە ئۆپۆزسیۆن، چونکە حیزبی دەسەڵاتدار دەیانەوێت وەکچۆن مامەڵە لەگەڵ دەزگاکانی خۆیاندا دەکەن، سەرکوتیان دەکەن، هەموو سیمایەکی مەدەنی و شارستانییان لێ زەوتکردوون، بەهەمانشێوەش هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە پاساوی بەشداریکردن لە حکومەتدا، بکەنە ئەو دەزگایانەی کە هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆیاندان

«کابینەکانی پێشوو بەناوی بنکەفراوانییەوە، ئەدایەکی خراپیان نیشانداو بەشداریکردنی حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی تەنیا شکڵیی بووەو بۆ دەمکوتکردنیان بووە، هاوکات، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنیش لەناو پەرلەماندا بووە هۆی ئەوەی هیچ چاودێرییەک لەسەر کارەکانی حکومەت نەبێت و ڕەخنەو گلەیی زۆری خەڵکی هاتەسەر»

حکومەتی بنکە فراوان، یان زۆرینە؟

پشتیوان سەعدوڵڵا
دلێر عەبدولخالق

کابینەی ئایندەی حکومەتی هەرێم کە بڕیارە (لیستی کوردستانی) پێکیبهێنێت، دەرگاکانی ئاوەڵا دەکات بۆ هاتنە ناوەوەو بەشداریکردنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێدەچێت ئەزموونی رابردووی پێنج کابینەکەی حکومەتو هەژموونی دوو حیزبەکە بەسەریدا، ڕێگربێت لەبەردەم تێپەڕبوونی هێزە کاریگەرەکان بە دەرگا والاکانی کابینەکەو دانیشتن لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا.

کابینەی پێنجەم چۆن پێکهات؟

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە (٢٠٠٥/١/٣١) بەڕێوەچوو، (١٣) لیستو قەوارە بەشداریانکرد کە تەنیا سێ لیستیان توانییان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش بریتیبوون لە (لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان) پێکهاتبوو لە (یەکێتیی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، یەکگرتووی ئیسلامیی، یەکێتیی نەتەوەیی، سۆسیالیست، شیوعی، تورکمانو ئاشووری)، کە (١٠٤) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (٦) کورسیی پەرلەمانی بووە دووەم لیستی بەراوە، هەرچی لیستی زەحمەتکێشانی کوردستانیش بوو (١) کورسیی پەرلەمانی بەدەستهێنا. دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمو یەکگرتنەوەی ڕووکەشانەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی لە (٢٠٠٦/١/٢١)، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراو لە (٢٠٠٦/٧/٥) متمانەی پێبەخشرا، پێکهاتەی کابینە (٤٢) وەزیرییەکەش لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامیی، زەحمەتکێشانی کوردستان، سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، پارتی برایەتیی تورکمان) پێکهێنرا کە لەناو کابینەکەدا، ئەندامانی بێلایەن لە کلدانی و ئاشووری و ئێزدی و فەیلی و تورکمان هەبوون.

جیاوازیی (٥) و (٦)

ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە(٢٥)ی تەممووزی (٢٠٠٩) بەڕێوەچوو، لیستی کوردستانی کە هی (یەکێتیی و پارتی)یە بە (٥٩) کورسی پەرلەمانییەوە بوو بە یەکەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکەو بەپێی پێوەرە دیموکراسییەکان مافی خۆیانە بە تەنیا حکومەتی نوێ پێکبهێنن. لیستی گۆڕانیش کە بەچەند مانگێک بەر لەهەڵبژاردنەکە دەرکەوت، بۆیەکەمجار وەک قەوارەیەکی سیاسیی کە هەر لەسەرەتاوە وەک هێزێکی ڕەخنەگرو ئۆپۆزسیۆن هاتەمەیدان ئامادەباشیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکە کردو بە (٢٥) کورسی پەرلەمانیی بوو بەدووەم لیستی براوە. لیستی چوارحیزبەکەش کە بە (خزمەتگوزاریی و چاکسازیی) ناسراوە بە (١٣) کورسی پەرلەمانیی بوونە سێیەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان، چەند لیستێکی دیکەی وەکو بزووتنەوەی ئیسلامییو کلدوئاشوورو تورکمانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

هەرچەندە لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لە (٨/٢٥)دا، بەرهەم سالّح سەرۆکی لیستی کوردستانی ئاماژەی بەوەکرد، دەیانەوێت کابینەی شەشەم حکومەتێکی بنکەفراوان بێتو دەرگاش والاّدەکەن بۆ گشت لایەنو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام جیاوازیی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشووتری هەرێم لەوەدایە، کە زۆربەی لیستە براوەکانی دەرەوەی (لیستی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە) دەیانەوێت لەدەرەوەی کابینەی شەشەمدا بمێننەوەو مومارەسەی کاری ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە بکەن، چونکە بەشێک لەو هێزانە پێیانوایە ئەزموونی رابردوویان لەناو ئیدارەی کوردییدا سەرکەوتوو نەبووە، بەشداریکردنیان تەنیا ڕەمزیی بووە.

بەشداریکردن، یان دەمکوتکردن؟

دارا محەمەد ئەمین، وەزیری ژینگە کە تاکە وەزیری کۆمەڵی ئیسلامییە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بەوەدەکات، لەگەڵئەوەی بۆ ئەمڕۆی کوردستان کابینەیەک پێویستە کە هەموو لایەنەکان بەشداریی تێدابکەن، بەڵام ناکرێت وەک ئەزموونی پێشوو وەزارەتی پلە دوو و پلە سێ بۆ حیزبەکانی دابنرێتو بەشداریکردنەکە ڕاستەقینە نەبێت. وتیشی: «بەشداربوون لەحکومەتێکدا کە تەمسیلی دەسەڵاتی حیزبی بکاتو پۆستی وەزارەتی پلە دوو و پلە سێ بۆ حیزبەکانی دیکە دابنێت، بێگومان قبوولناکرێتو سەرکەوتووش نابێت».

ئەندامێکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەشداریکردنی حیزبەکانیان لەکابینەکانی پێشووی هەرێم تەنیا ڕووکەشانە بووەو بۆ بێدەنگکردنیان بووە لە ئاست کەموکورتییەکان. فازڵ حەسەن، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کابینەکانی پێشوو بەناوی بنکەفراوانییەوە، ئەدایەکی خراپیان نیشانداو بەشداریکردنی حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی تەنیا شکڵیی بووەو بۆ دەمکوتکردنیان بووە، هاوکات، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنیش لەناو پەرلەماندا بووە هۆی ئەوەی هیچ چاودێرییەک لەسەر کارەکانی حکومەت نەبێتو ڕەخنەو گلەیی زۆری خەڵکی هاتەسەر». فازڵ بڕوایوایە، لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی بڕیتە ئۆپۆزسیۆنو لیستی بەراوەش بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بۆئەوەی بەرپرسیاریەتییەکە تەنیا بکەوێتە ئەستۆی لیستی براوەو وتی: «لە کابینەکانی پێشوودا وەزیرەکانی ئێمە دەسەڵاتی بریکاری وەزارەتەکەیان نەبووە، بۆیە ئێمە نامانەوێت ئەزموونی رابردوو دووبارەبکەینەوەو لەبەرامبەر بەشداریەکی ڕووکەشدا دەمبەست بکرێینو قسە نەکەین».

لیستی گۆڕان، لەسەرەتاوە تا دوای هەڵبژاردنەکان تاکە لیست بوو کە خۆی لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا یەکلاییکردەوە، بەشێوەیەک وەک ئەندام پەرلەمانەکانی لیستەکە ئاماژەیان پێدا، ئەگەر نەتوانن دەنگی تەواو بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەدەستبهێنن، ئەوا بەشداریی لەو کابینە حکومییەدا ناکەنو وەک چاودێر بەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەمێننەوە.

د.جەعفەر عەلی، بڕیاردەری لیستی گۆڕان دەڵێت: یەکێتیو پارتی ئەزموونێکی تاڵو خراپیان هەیە لەئیدارەو کاری سیاسیدا، بۆیە ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنینەوەو ناتوانین متمانە بەحکومەتێک بکەین کە دوو هێزەکەی لەژێر پرسیاری قورسی گەندەڵیی ئیداریی و سیاسییو دارایین، مانەوەشمان وەک چاودێر بۆ داکۆکیکردنە لەمافی هەموو خەڵکی کوردستان، هەروەها «چاودێرێکی ڕاستگۆ بەویژدان»یش دەبین.

بڕیاردەری لیستی گۆڕان پێیوایە، بەبێ بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دیموکراسییەتی هەرێم لەژێر پرسیارداید دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن بۆ نوێکردنەوەو ئەکتیڤکردنی ژیانی دیموکراسی، چالاککردنی کایەی سیاسیی زۆر گرنگەو دەمانەوێت خوێنێکی نوێ بە بەر ژیانی دیموکراسی ئەم هەرێمەدا بکەین».

حکومەتە سێبەرەکە

لیستی گۆڕان زاراوەیەکی نوێی هێنایە ناو ژیانی سیاسییو ئیداریی هەرێمی کوردستانەوە، کە خۆی لە «حکومەتی سێبەر»دا دەبینێتەوە، بەشێوەیەک ئەم زاراوەیە ماوەیەکی درێژ بووە جێگای گفتوگۆو مقۆمقۆی ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان، بەتایبەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی حیزبە بااڵدەستەکان، بەشێوەیەک پەیامەکانیان ئاراستەدەکرد کە حیزبی بااڵدەست بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت حکومەتی سێبەر بەسەر حکومەتەکەیدا دروستبکرێت.

لەو بارەیەوە، د.جەعفەر عەلی بڕیاردەری لیستی گۆڕان دەڵێت: «حکومەتی سێبەر لە زۆربەی ووڵاتانی دیموکراسیدا هەیە کە ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەی ژمارەی کورسیی تەواوی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست نەهێناوە، حکومەتی سێبەر بەسەر حکومەتە ڕاستەقینەکەوە دروستدەکات، تەنیا ئەرکیشی چاودێریکردنی یەک بەیەکی وەزارەتەکان دەبێت بە دانانی نوێنەری خۆی لەو وەزارەتانە».

پێکهاتەکان، مەرجیان هەیە

زۆرینەی لیستە براوەکانی کلدو ئاشوورییو تورکمان لەپەرلەمانی کوردستاندا، لەگەڵئەوەدان کابینەی داهاتوو بنکە فراوان بێتو هەموو لایەنەکان بەشداریی تێدابکەن، بەڵام بۆ ئەو بەشداریکردنەش مەرجیان هەیە.

ڕۆمیۆ هەکاری، لە لیستی (ئەنجومەنی گەلی کلدانی، سریانی، ئاشووری) کە خاوەنی (٣) کورسیی پەرلەمانە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «واقیعی هەرێمی کوردستان لە (١٨) ساڵی ڕابردوودا، ئەوەی سەلماندووە کە کابینەیەکی حکومەتی هەرێم ئەگەر بنکەفراوان نەبێت، ئەوەندە سەرکەوتوو نابێت، بۆیە ئێمە پێمانباشە لەم کابینەیەشدا زۆربەی لایەنەکان بەشداریی بکەن، بەتایبەتی نەتەوەو ئایینە جیاجیاکان، وەکو ئاشووریو تورکمانو ئەرمەنی، دەبێت هەموویان ڕۆڵیان هەبێتو کاریگەربن لە پێکهێنانی حکومەتێک کە لە خزمەتی خەڵکدا بێت».

هەکاری، مەرجی بەشداریکردنیان لە حکومەتدا ئاشکرادەکاتو دەڵێت: «ئاشووریەکان هەر لەیەکەم کابینەی حکومەتەوەبەشداریانکردووەوئەمجارەش هەموومان کۆکین لەسەر بەشداریکردنی نوێنەرانی گەلی کلدانی، سریانی، ئاشووری، لە حکومەتدا، بەڵام بۆ بەشداریکردنمان مەرجمان ئەوەیە کە وەزارەتێکی ئەساسی وەربگرین».

شێردڵ تەحسین، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر کەخاوەنی (١) کورسی پەرلەمانن، جەخت لەبەشداریکردنیان لە حکومەتدا دەکاتەوە، بە مەرجێک دوو وەزیرو جێگری پارێزگاری هەولێرو سەرۆکی شارەوانییەکیان پێببڕێتو وتی: «لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پێمانباشە زۆربەی هێزو لایەنەکان بەشداریی لەم کابینەیەی داهاتوودا بکەن، بەڵام لەگەڵئەوەشداین هێزی ئۆپۆزسیۆن هەبێت». شێردڵ ئاماژەی بەوەشکرد، لەسەردانەکەیان بۆ لای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم ئەو داواکارییەیان پێگەیاندووەو بڕیاریشە لەم ڕۆژانەدا بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ بەرهەم سالّح سەرۆکی لیستی کوردستانی کۆببنەوە.

لەدوای جیابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامیی لەبزووتنەوەی ئیسلامیی، حیزبی دایک بە سووڕی سستبوونی خۆیدا تێپەڕیو ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە، بەڵام بە بەشداریکردنیان لەو هەڵبژاردنەی ڕابردووی هەرێمدا بەرگێکی دیکەیان بە بەر ژیانی سیاسیی خۆیاندا کردەوەو بە (٢) کورسی پەرلەمانی بوونە چوارەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان.

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕایگەیاند: «بزووتنەوە تائێستا پرسی بەشداریکردنی لەحکومەتدا یەکلایی نەکردووەتەوە، بەڵام پێمانباشە کابینەی داهاتوو بنکەفراوان بێتو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمیشدا ئەوەمان باسکردووە».

سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی هۆکاری ناشیرنبوونی ئەزموونی حوکمڕانیو ئەو حیزبە بچووکانەی بەشداربیان لەکابینەکانی پێشوودا کردووە، دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی لە ڕابردوودا حکومەت نەیتوانی ئەدای کاری خۆی بکات، کۆمەڵێک خاڵی ناشیرین لەسەر حکومەت هەیەو زیاتر زەقبووەتەوە وەکو گەندەڵیی، بەڵێنی زۆرو جێبەجێنەکردنی، دەستێوەردانی حیزبلەحکومەت،بەشداریی پێکردنی ڕەمزیی حیزبە بچووکەکان لەحکومەتو دوورخستنەوەیان لە بڕیاری سیاسیی.

«کوردستانی» لەگەڵ بنکەفراواندایە

یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی لیستی کوردستانی کە زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن، ئاماژە بەوە دەکات، ئەوان لەگەڵ حکومەتی بنکەفراوانو فرەڕەنگدان، هاوکاتیش بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان لەئیدارەدا سوود لەبەرنامەی لیستەکانی دیکەش دەبینن.

سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی کوردستانی ڕوونیکردەوە، لیستی کوردستانی لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەکی نییەو دەتوانێت بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام بە باشتری دەزانێت کە دەرگای خۆی والاّبکات بۆئەو لیستانەی کە دەیانەوێت بەشداریی کابینەی شەشەم بکەنو وتی: «ئێمە وای دەبینین کە حکومەتێکی بنکە فراوان یارمەتیدەرێکی باشتر دەبێت بۆ هاوکارییکردن لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمدا، بۆیە دەمانەوێت حکومەتێکی فرەڕەنگ بێت، ئەمەش دەبێت بەپێی ڕێکەوتنی نێوان لیستەکان بێت، چونکە ئەو لیستانەی دەیانەوێت بێنە حکومەتەوە، پێویستە پابەندی بەرنامەی لیستی کوردستانی بن، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە سوود وەرنەگرین لە بەرنامەی لیستەکانی دیکە».

بەشداریپێکردن.. کۆنترۆڵکردن

لەبەرامبەر ئەو لیستو لایەنانەدا کە ئاماژە بە گرنگی پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان دەکەنو دەیبەستنەوە بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەرێمەوە، د.جەعفەر عەلی، بڕیاردەری لیستی گۆڕان دەڵێت: «لە دنیادا هێزی براوە حکومەت پێکدەهێنێت، پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان ترسە لە ئۆپۆزسیۆن، چونکە حیزبی دەسەڵاتدار دەیانەوێت وەکچۆن مامەڵە لەگەڵ دەزگاکانی خۆیاندا دەکەن، سەرکوتیان دەکەن، هەموو سیمایەکی مەدەنیو شارستانییان لێ زەوتکردوون، بەهەمانشێوەش هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە حکومەتدا، بکەنە ئەو دەزگایانەی کە هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵو چاودێریی خۆیاندان».

سەعد خالید، یەکێک لەپاڵێوراوانی لیستی ئازادییو عەدالەتی کۆمەڵایەتیی کە بە (چەپەکان) ناسراونو خاوەنی (١) کورسی پەرلەمانین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕای سەرەتاییمان ئەوەیە لیستی کوردستانی کە زۆرینەیە، بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێتو لیستەکانی دیکە وەکو ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، چونکە پێمانوایە، ئەگەر لەم قۆناغەدا ئۆپۆزسیۆن بە باشی ئەرکی سەرشانی جێبەجێبکات، دەتوانێت لە تەک حکومەتدا خزمەتێکی باش بکات، چونکە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن یەکێک بووە لەو کەموکوڕییانەی پێشتر لەهەڕێمدا هەبووە». سەعد کە وەزیری هەرێمو نوێنەری لیستی زەحمەتکێشانە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتدا، ئەویش وەکو زۆربەی بەرپرسانی حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی ئاماژەیانپێکرد، پێیوایە، بەشداریکردنی هێزەسیاسییەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی لە کابینەکانی پێشوودا بەشداریەکی کاریگەرنەبووەو بەشداریەکی فەوقی بووە، واتە شۆڕنەبووەتەوە بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتو زیانی لەوحیزبانە داوە.

ریفۆرمی پەرلەمانیی

بۆ پەرلەمانتاران لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکدا شکستیان هێنا؟

فەلاح نەجم



ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت ئەو دیوارانە تێک بشکێنن کە خولی یەکەمو دووەم، حیزب لە نێوان خەڵکو پەرلەماندا دروستیانکردووە، چونکە ئەگەر چوار ساڵی دیکە پەرلەمان خەڵک پشتگوێ بخات دەبێت چاوەڕوانی هەموو کاردانەوەیەکی خراپی خەڵک بکات، ئەمە وتەی پسپۆڕێکی سیاسییە دەربارەی ئەرکەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان، ئەم بۆچوونەش دەرئەنجامی ئەو ڕەخنەیەیە، کە هاوڵاتیان لە ئەندامانی خولەکانی رابردووی پەرلەمانی کوردستانیان هەبوو، کە تەسلیمی خواستەکانی حیزب بوونو بەدواداچوونیان بۆ کێشەی هاوڵاتیان نەدەکرد.

لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا سێ جار لە کوردستان پەرلەمان هەڵبژێردراوە، بەردەوام ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگیرا، کە ئەرکی نوێنەرایەتی خۆیان ئەنجام نەداوە.

سەلاح کەریم پسپۆڕی سیاسی لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت: «سەیرە لە ماوەی چوار ساڵدا کەس ئەندامێکی پەرلەمانی نەبینی سیمینارێک بۆ خەڵک ببەستێت، گوێ لە داواکارییەکانیان بگرێت، تا لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا ئەو گرفتانە بخاتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، خەڵک کاتێک کێشەی هەیە خۆی دەچێتە بەردەم پەرلەمانو داواکارییەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، کە ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانە وەک نوێنەر».

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا تەنیا ئەرکی دەرکردنی پرۆژەیاسا بووەو زۆربەی کۆبوونەوەکانی بۆ ئەو مەبەستە بووە، چونکە لەگەڵ نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکو ئەو کێشانەی هەبوون، نەچوونە ناو خەڵکەوە.

ئەو پسپۆڕە جەختیشی لەوە کردەوە؛ هیچکام لەو حیزبانەی ئەندامی پەرلەمانیان هەیە، فشار ناخەنە سەر ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بە کارێکی مەدەنیانە هەستێت لە بەرژەوەندیی خەڵک بێت، بەڵام ئەوەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمان ڕێچکەی ئەندامانی پێشوو بەردەوام ئەمەش وادەکات پەرلەمان چەق ببەستێت، لەبری ئەوەی پردێک بێت لە نێوان خەڵکو حکومەتدا، هەمیشە لە ڕۆڵی کۆمەڵێک کاری دیاریکراوی ناو پەرلەمان دەخولێنەوە.

بە بڕوای شارەزایانی سیاسیی ئەو کەسانەی، کە هەڵدەبژێردرێنو دەچنە پەرلەمان، بە کارێک هەڵدەستن وەک ئەندامی پەرلەمان نەک وەک کەسێک کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات، دەبێت پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی پەرلەمان ئەم کەموکوڕییە چارەسەر بکات، چونکە پەرلەمان واتا نوێنەرایەتیکردنی خەڵک.

هیوا میرزا سابیر ئەندامی پەرلەمانی پێشووی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «ئەندامانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان وەک نوێنەرایەتیکردنی خەڵک سەرکەوتوو نەبوون، چونکە زەمینەیەکی لەبار نەبوو، کە بە ئەرکی خۆمان هەستین».

لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تائێستا سێ جار هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا کراوە بۆ دەسنیشانکردنی ئەندامانی پەرلەمان (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩) لە یەکەم خولو دووەم خولیدا لیستەکانی پارتیو یەکێتیی، بەشی هەرە زۆری کورسییەکانی پەرلەمانیان بردووە، ئەو دوو حیزبە حوکمی کوردستانیان کردووە، چ لە پەرلەمان چ لە حکومەت یەکیانگرتووە، ئەم بردنەوەیە هۆکارێک بووە بۆئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان وەک پێویست ڕانەپەڕێنن، سەرقاڵی بەڕێکردنی بەرژەوەندییەکانی پارتیو یەکێتیی بن، بەڵام خولی سێیەم ئۆپۆزسیۆنی تێدا دەرکەوتووە، کە خاوەن (٣٨) کورسی پەرلەمانن.

هیوا میرزا، جەختی لەوە کردەوە، دەبێت نووسینگەی پەرلەمان لە سەرجەم پارێزگاو قەزاو ناوچە دوورە دەستەکاندا بکرێتەوە، بۆئەوەی بە تەنگ داواکارییەکانی خەڵکەوە بچن، ئەندامانی نووسینگەکەش خەڵکی ناوچەکە بن، ئەمەش ئەندامانی پەرلەمان کارا دەکات بۆئەوەی بە بەشێک لە ئەرکی نوێنەرایەتییەکەی هەستێت، چونکە ئاستی نوێنەرایەتی ئەم پەرلەمانە دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو.

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دانیشتنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەسپێدەکات، خەڵک ئومێدی بە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمان هەیە، بەوپێیەی بە دەنگی خۆیان ئۆپۆزسیۆنیان نارد پەرلەمان، ئەندامانی نوێ لەسەرووبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی ئەوەیاندا، کە سەرجەم هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بچنە ناو خەڵک، چونکە ئۆپۆزسیۆن ئەوە نییە لە حکومەتدا بەشدار نەبێت، بەڵکو ئەوەیە کە لەسەر مافەکانی خەڵک بێتە دەنگ.

زانا ڕەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە پابەند دەبین بەو بەڵێنانەی بە خەڵکمان داوە، بەڵام بۆئەوەی ئەندام پەرلەمان بچێتە ناو کێشەکانی خەڵکەوەو کاری بۆ بکەیت، دەبێت کۆمەڵێک گۆڕان لە پەرلەمانو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی دەستکراوە بین کە وەک نوێنەرێک کار بکەین».

کاتێک پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دارێژراوە، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان یەکێتیی‌و پارتی بوون، لە ژێر کاریگەریی ئەو دوو حیزبەدا پەیڕەوەکە دارێژراوە، بەپێی بەرژەوەندیی ئەو دوو حیزبە دانراوە، ئێستا پێوستە بەجۆرێک دەستکاریی بکرێت، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکدابێت، نەک حیزب.

پارێزگار لەگەڵ خاوەن چێشتخانەکانو مەیفرۆشەکان کۆدەبێتەوە

کردنەوەی چێشتخانەکان لە ڕەمەزاندا، کێشەی لێدەکەوێتەوە

سەرکەوت ئەحمەد

ڕێگەدان بە کردنەوەی چێشتخانەو خواردنگەکان لە مانگی ڕەمەزاندا لە پارێزگای سلێمانی بەبێ هیچ بەرامبەرێک، هەندێک لایەنی نیگەرانکردووەو پێیانوایە؛ بڕیاری کردنەوەی ئەو شوێنانە لەم مانگەدا «بێ ڕێزیکردنە» بەرامبەر ڕەمەزان، لە بەرامبەردا قایمقامی سلێمانی ئەو هەنگاوە بەسوودو بەرژەوەندیی دەزانێت.

زانا محەمەد سالح، قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی پاس لەوە دەکات، ماوەی سێ ساڵە هەموو چێشتخانەکان ئازادن لە کردنەوە یان داخستن، بەڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان‌و حورمەتگرتنی مانگی ڕەمەزان.

ئەو باسی لە سوودی ئەم شێوازە کردو وتی: «ئەمە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییاندایە، چونکە لە ساڵانی پێشوودا کاتێک ئەو پارە زۆرە وەردەگیرا، لە بەرامبەردا خواردن لەسەر هاوڵاتیان گران دەبوو، هەروەها لەلایەکی دیکەیشەوە کۆمەڵێک شاگردو وەستا لەو چێشتخانانەدا کاردەکەن، ئەگەر دابخرێن ژمارەیەکی زۆر بێ کار دەبن».

ئەو وتانەی زانا لە کاتێکدایە، کە مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژە بەوە دەکات، هەر لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانەوە بەردەوام سکاڵا دەگاتە وەزارەتی ئەوقاف، باسی لەوەش کرد زیاتر لەلایەنە ئیسلامییەکانی سلێمانییەوە پێیان گەیشتووە، وتیشی: «خەڵکی سلێمانیش ناوبەناو لەڕێگەی ئیمەیڵو لەڕێگەی سکاڵای جیاجیاوە بە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێن ئەو ڕێنماییانەی بۆ مانگی ڕەمەزان دەرچووە لە سەرتاسەری کوردستان جێبەجێدەکرێت، بەڵام لە سلێمانی پەیڕەو ناکرێت».

لە ساڵانی رابردوودا لە بەرامبەر کردنەوەی هەر چێشتخانەو چایخانەیەکدا بڕێکی زۆر پارە لە خاوەنەکانیان وەردەگیرا، ئەوەش دەبووەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم لەو شوێنانە لە ڕەمەزاندا کراوەبن، بەڵام ماوەی سێ ساڵە پارێزگاری سلێمانی بڕیاریداوە، کە بەبێ هیچ بەرامبەرێک هەر خاوەن چێشتخانەیەک ئازادە لەوەی لەو مانگەدا کار بکات.

قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی ئەو بڕیارەی ساڵانی پێشووی بۆ ئەو سەردەمە بەگونجاو زانیو باسی لەوەش کرد؛ وەرگرتنی ئەو پارەیە یاسایی بووەو بۆ ئەو کاتەو دۆخە وا پێویست بووە لە بەرامبەر کردنەوەی چێشتخانەکاندا کرێ وەربگیرێت.

لە سەرەتای ڕەمەزانی ئەمساڵدا هەندێک بەیاننامەی ناڕەزایی لەسەر کردنەوەی‌ئەو چێشتخانانە بڵاوکراوەتەوە، بڕیاریش وایە ئەمڕۆ پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیریی بە ئامادەبوونی هەموو خاوەنی چێشتخانەو خواردنگەکان کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدات‌و بڕیاری پێویست لەبارەیەوە بدات.

مەریوان نەقشبەندی، باسی لەوە کرد، ئەو حاڵەتە تەنیا ناو پارێزگای سلێمانی گرتووەتەوەو قەزاو ناحیەکان بەو شێوەیە نین، وتیشی: «زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوین ئەو ڕێنماییانەیان جێبەجێکردووە کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دەرچووە، تەنانەت سەردانی شارۆچکەی عەنکاوەمان کردووە، کە هەموویان مەسیحین، بەڵام هەموو دوکانی مەی فرۆشتن‌و چێشتخانەکانیان داخراوە».

ئەو باسی لەوەشکرد، کردنەوەی ئەو چێشتخانەو خواردنگانە هیچ پەیوەندیی بە وەزارەتی ئەوقافەوە نییە، بەڵکو وەزارەتی ئەوقاف لایەنی تەنفیزیی‌ئەو ڕێنماییانەنییەو جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانیان پەیوەندیی بە یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکانەوە هەیەو وتی: «ئێمە هەستدەکەین ئەو ڕێنماییانە لە سلێمانی وەکو پێویست کاری پێنەکراوە، مەجالی زیاتر دراوە بەوەی کە چێشتخانەو فرۆشگای مەی کراوەبێت».

مەریوان ئاماژەی بەوەشدا، لەڕێگەی بەڕێوەبەرێتی ئەوقافی سلێمانی ئاگاداری پارێزگای سلێمانییان کردووەو داوایان کردووە، کە پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا چاو بەو بڕیارانەدا بخشێتنەوەو ئەو ڕێنماییانەی دەرکراوە بۆ مانگی ڕەمەزان، جێبەجێ بکرێن.

جگەرخانەی ئەحمەی گوڵە لەناو بازاڕی شاری سلێمانییەو لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا کراوەتەوەو (١٠) وەستاو شاگرد تیایدا کاردەکەن، چەند ساڵێک چووەتە زیادکردنەوەو بە بڕی (٥٠) هەزار دیناری چاپی پێشوو بۆی دەرچووە.

وەستا سدیق عەلی، کە لەوێ کار دەکات باسی لەوە کرد؛ ئێستا چێشتخانەکان قەرەبالغییان لەسەر نییەو گرانبوونی خواردنیش ڕوونادات، بەهۆی ئەوەی زۆربەی چێشتخانەکان کراونەتەوەو وتیشی: «(١٠) کەس لێرە کاردەکەن‌و بژێوییان لەسەر ئەم جگەرخانەیەیە، ئەگەر دابخرێت بێ کار دەبن».

هاوکات چێشتخانەی حاجی حەسەن لەناو بازاڕی شاری سلێمانی یەکێکە لەو چێشتخانانەی زۆرترین بڕی کرێی داوە لە زیادکردنەکانی ساڵانی پێشوودا‌و زۆربەی ساڵەکان ئەم چێشتخانەیە کراوە بووە، جار هەبووە بڕی (١٢٠) هەزار دیناری چاپی سویسری لە بەرامبەر کردنەوەی چێشتخانەکەدا داوە لە مانگی ڕەمەزاندا.

هەروەها هەمزە جەمال بەڕێوەبەری چێشتخانەی حاجی حەسەن باسی لەوەکرد، (٣٥) وەستاو شاگرد لە چێشتخانەکەیاندا کاردەکەن‌و زۆربەشیان بەڕۆژوون‌و وتیشی: «ئەوقاف ئەگەر گلەیی دەکات‌و ڕەخنە لە کردنەوەی چێشتخانەکان دەگرێت، با بڕیاری داخستنی هەموو چێشتخانەکان لەڕەمەزاندا بدات، نەک ڕێگە بە هەندێکیان بدرێت».



فۆتۆ: ڕۆژنامە

دەستووری هەرێم بۆ کام ئامانجی سیاسیی نووسراوەتەوە؟

لەچەند ژمارەی رابردوویدا، رۆژنامە تەوەرێکی کردەوە لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانو کەموکوڕییو کەلێنەکانی ئەو دەستوورە، مەسەلەکانی ئازادیی رادەربڕینو ئایینی ئیسلامو سنووری سیاسییو جوگرافی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی پۆلا سەعید، نووسەرو روناکبیر کرد، بەڵام بەڕێزیان کۆی پرسیارەکانی بەیەکەوە وەڵامداوەتەوە، نەک بەشێوەی پرسیارو وەڵام، بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژنامە دەقی نووسینکەی وەکخۆی بڵاوەکاتەوە.


سازدانی: ئاسۆ عوسمان



پۆلا سەعید

گرنگ ئەوە نییە، تۆ لە دەستوورێکی ئاوها پڕ هەڵەدا، دەنگ هەڵبڕیتو داوای چاککردنی هـەڵـەیـەک بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە تۆ داوای دەستوورێکی تەندروست بکەیت، دەسـتـوورێـک کە ئازادییەکانی تۆ وەک تاک هەمانکاتیش ئازادیی هەموومان وەک کۆ بپارێزێت. کێشەی حکومەتو دەستوورەکەی ئەوەیە کە هاوشێوە یان هاوجووتی کۆمەڵ نین، ئەگەر بشمانەوێت ئەم دەربڕینەش لە تیۆرییەکەی خۆیدا فۆرمەلە بکەین، ئەوا ناو دەنرێت ئیگالیتێت (Egalität). تۆ بە دوو دەستی راستو دوو قاچی راستەوە مرۆڤێکی هاندیکاپیت (کەمئەندام). راستە بە جووتێ پیلاوی راستەوە دەتوانیت بڕۆیت، لێ ڕۆیشتنت نە نۆرماڵەو نە تەندروستیشە. کێشەیەکی دیکەی ناو ئەم حکومەتو دەستووە بریتییە لە کێشەی دادپەروەریی، ئەم کێشەیەش لەوەدا جێگای نیگەرانییە کە خاوەنی پرەنسیپ نییە، بوونی پرەنسیپ لە ئیتیکی دادپەروەرییدایە کە بریتییە لە پرەنسیپی دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتیی. دادپەروەریی کۆمەڵایەتییش هەرگیز بەبێ ئازادییەکانی تاک بوونی نابێت، چونکە ئەو کاتە دادپەروەریی تەنیا لە ئەبستراکتدا دەمێنێتەوە.

لەلای ڕۆسۆ لە گرێبەندی کۆمەڵگادا: یاسا دڵـی دەوڵـەتـە، پیادەکردنیشی میشکیەتی. ڕۆسـۆ بە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی فەرەنسا تاوانبار دەکرێت، لەم ڕووەوە ناپلیۆن دەڵێت: چاکتر بوو ئەم پیاوە هەر لەدایک نەبوایە. ئەوەی ئێمە ئیمڕۆ پێویستمانە بۆ تێگەیشتنمان لەو کێشەیەی کە بەڕێزتان لە ڕێگای وڕووژانـدنـی پرسیارگەلێکەوە دەگەڕێن بۆ وەڵامێک بـۆی، بریتییە لە: گەرانەوە بۆ ڕۆسۆ، گەرانەوە بۆ (گرێبەندی کۆمەڵگا)کەی، (Gesellschaftsvertrag)، ڕۆڵی ئازادیی مـرۆڤ لـەلای ڕۆسـۆ دەچێتە خانەی سێنترالەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ئەوەی ئازادیی خۆی لەکیسبدات، مرۆڤایەتیی خۆی لەکیسدەدات. (Geschichte der Philosophie. Rationalismus. S ٧٦). نرخی ئازادیی مرۆڤ لەلای ڕۆسۆ وا لە چەقی سروشتی مـرۆڤ خۆیدا. مرۆڤیش لە سروشتدا خاوەنی ئازادییو هارمۆنییەکی ناوەکیی بووە، مرۆڤ لە خۆیدا خاوەنی هەموو شتێک بووە کە پێویستی بـووە، بۆ درێـژەدان بە ژیان. بەختەوەر، ئازاو ئازاد، بەبێ هاوڕێ، ئەم ئازادییە ئیندیڤیدوالۆ هارمۆنییە ناوەکییە بە دروستکردنی کلێگەکان کۆتایی پێهات، بە کۆمەڵگا هەرەوەزییەکان کۆتایی پێهات. ئەمە سەرەتاییترین هەنگاو بـووە، بۆ زەوتکردنی ئازادییەکانی تاک لە جیهاندا. گرێبەندی کۆمەڵگاش لەوەدا دەستپێدەکات کە کۆی هەموو ئازادییە ئیندیڤیدوالەکان فەرمانڕەوایەتیی بکەن، نەک تاکێک بە تەنیا ببێتە فەرمانڕەواو یاسادانەڕی هەموو. مرۆڤ بە گشتیی هیچ هێزێکی نوێیان بەرهەم نەهێناوە لەم گرێبەندەی کۆمەڵگادا، بەڵکو هەرهەمان هێزو توانای ئازادییە ئیندیڤیدوالەکانی خۆیانە کە لە یەکگرتنێکدا پراکتیزەی دەکەن. کۆی ئەم هێزانە، تەنیا لە پێکەوەبیدا، چ کاریگەرییان دەبێتو چ کاریگەرییشیان نامێنێت. لێرەدا جەستەیەکی سیاسیی لەسەر بوونی هێزو ئازادییەکانی تاک بەرهەمدەهێنرێت، چونکە گرێبەندی کۆمەڵگا فاکتەرێکی گەورەیە لە بەرهەمهێنانی جەستەیەکی سیاسییدا، کە دەوڵەتە. لەم ڕووەوە، ڕۆسۆ دەڵێت: ئەوەی کە مرۆڤ لەم گرێبەندەی کۆمەڵگادا لەکیسی دەدات، بریتییە لە ئازادییە سروشتییەکەی و مافێکی بێسنوور لەسەر هەموو ئەو شتانەی، کە ئەو حەزی لێیەتی و کە دەیەوێت پێیبگات. ئەوەشی کە ئەو وەریدەگرێت، بریتییە لە ئازادییەکی هاوڵاتییانەو مولکداریتیی هەموو ئەو شتانەی کە ئەو خاوەنیەتی. (Geschichte der Philosophie. Rationalismus. S. ٨٠). جەستەی سیاسیی بە تێڕوانینە ڕۆسۆییەکەی شیاوی مردنە، هەروەکو چلۆن سەرەتای مرۆڤێک لە لەدایکبوونییەوە دەستپێدەکات بۆ مردن، ئاوەهاش سەرەتای هەموو جەستەیەکی سیاسییش، سەرەتای مەرگیشیەتی، ئیدی گرنگ نییە چەند کات لە دەستپێکردنیەوە تا مەرگی تێدەپەڕێت. دەستوورێک کاتێک وەک دەستوورێکی باش تەماشا دەکرێت، ئەگەر ڕەچاوی ئازادییەکانی تاکی تێدا بکرێت، ئەگەر خاوەنی پرەنسیپی ئازادییو دەستووری تـاک بێت. لـەلای ڕۆسـۆ لە گرێبەندی کۆمەڵگادا، دەستووری مرۆڤ بریتییە لە بەرهەمی سروشت، لێ دەستووری دەوڵەت بەرهەمی هونەرە. هەموو یاسایەک کاتێک پەسەندە کە توانای یەکگرتنەوەی لەگەڵ وێستی کۆدا هەبێت، ئەگەر نا ئەوا یاسای ناوبراو بریتییە لە یاساگەلێکی ئیندیڤیدوالۆ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تیۆرییەکەی ڕۆسۆ: ئەوا دەبینین، مرۆڤێک لە سروشتدا هەم بەهێزە، هەم بە تەنیا کاردەکاتو بۆ خۆی دەژی، هەمانکاتیش خاوەنی ڕێکخستنێکی سروشتییانەی خۆیەتی. ئەم تاکە بۆیە دێتە ناو گرێبەندی کۆمەڵگاوە، تا بە کۆی هەموویان کۆتایی بە شەڕی هەموو دژ بە یەکتر بهێنن. هەموو تاکەکانی ناو ئەم گرێبەندەش کۆکن لەسەر پاراستنی ئازادییە ئیندیڤیدوالییەکانی یەکتر. هەرچەندە ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە چەند بە پریمیتیڤیش پێناس بکرێت، لێ هاوتاییو ئازادییەکانی مرۆڤ تێیدا بەهیچ شێوەیەک نابێت بڕیندار بکرێت. هیچ کەسێک ئامادە نییە ناهەقی بەرامبەر بە خـودی خۆی بکات، هیچ کەسێک ئامادە نییە بۆ خۆشیی خۆی ئازارێکی جەستەیی و ڕۆحیی بخاتە خۆیەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە هەموو تاکێک بەوشێوەیە بیر لە تاکێکی دیکە بکاتەوە. ئـەوانـەی دەستوورێک دادەڕێژن بۆیان نییە لەسەر بنەمای باشەی خۆیان یاسا بۆ خەڵک دەربکەن، هەتا لە ڕێگایەوە درێژە بە ژیانی باشە بۆ خۆیان لەسەر ژیانی خەڵکی دیکە بدەن. ئالێرەدا ئەمانە دەیانەوێت لە ڕێگای دەستوورێکەوە کۆتو پێوەند بکەنە دەستو پێی خەڵکیو پشتگیریی لە وتەی هەقی خۆیان بکەن، هەڤێک کـە زنجیری نـوێ دەدات بە لاوازەکـانو بە بەهێزەکانیش دەسـەڵاتی نوێ. لەم دەستووری کومەتی ئیمەدا بێهێزەکان وەک هاوڵاتیان دەبنە خاوەنی کۆتو پێوەندو زنجیری نوێو بەهێزەکانیش سەرلەنوێ دەسـەڵاتیان بۆ نوێدەکرێتەوە. کۆمیدیای دەسـەڵاتی ئیمە لەوەدایە کە خاوەنی دوو دیـوە، دوو دیوی خاوەن دوو بوونیەت لەلایەک ئاریستۆکراتییە لەلایەکیش تیرانییە (تینووی دەسـەڵاتو تۆندوتیژ)، (Tyrannis). لەلایەک بەهای هاوڵاتیی وا لە سەرمایەکەیدا، واتە ئەگەر هەژار بوو، ئەوا هیچ بەهای نییە، (تێبینیی: ژنە بەرپرسێکی یەکێتیی لە سوێد، دەچێتە ماڵێک بۆ پرسەو سەرەخۆشیی، لەوێ یەکەم سەرەخۆشیی خۆی بۆ خاوەن ماڵەکە بەمشێوەیە دەردەبڕێت، «بەڕاستیی شووڕەییە مرۆڤ هەژار بێت»، ئەم ڕەوشە تیمۆکراتییە (Timokratie)، لە کۆمەڵدا کار لەسەرکۆکردنەوەی ستایش و ڕێز بۆ خۆیان دەکەن، ئیدی گرنگ نییە چلۆن. لەلایەکی دیکە هەوڵدەدات لە ڕێگای دیموکراتییەوە خۆی بسەپێنێت). بناغەی ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە ئۆلیگارشیی (Oligarchie)، کۆمەڵێک دەسەڵاتداری سەرمایەدار کە بە ماسکەوە لە ڕێگای پرۆسەیەکی هەڵەو دیموکراتییەتێکی هەڵەوە هەموو جارێک دەسەڵاتی نوێ دەدەنـەوە بە خۆیان و کەلەپچەی نوێش بۆخەڵکیی.



«خولی بازنەی دەستووری حکومەتی هەرێم»

فـەڕمـانـڕەوایـی خـەڵـک (Volkssouveräni)، لەلای ڕۆسۆ بریتییە لە ڕێکخستنێکی هەڤپەروەرانەی دەوڵەت، بەشێوەیەک کە هەر تاکێک باس لە دەوڵەت بکات وەک وێستی خۆی چ هەستی پێبکاتو چ پەسەندیشی بکات، ئەمەش لە پرەنسیپێکی ئۆتۆنۆمییدا بەرهەمدێت. پرسیار لێرەدا ئـەوەیـە، ئاخۆ لەناو ئێمەی کـوردا بە گشتیی کامە تاکمانە خاوەنی پرەنسیپێکی ئیندیڤیدوالی ئۆتۆنۆمی خۆی بێت؟ من باس لەو تاکانە ناکەم کە لە ترافیدا دەژین، بەڵکو مەبەستم لە تاکەکانی ناوەوەی وڵاتە. حکومەتی ئێمە لەسەر دەستی چەند چینێکی زاڵدەستی سـەرمـایـەدار دروستبووە، هیچ تاکێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا خاوەنی ئیدێنتیتێت نییە لەو حکومەتەدا، کاتێک باس لە حکومەت دەکرێت تاک وێستی خۆی تێدا نادۆزێتەوە. کاتێک باس لە وێست دەکەم بە واتا کانتیەکەی باسیدەکەم، وێستێکی ڕەوان کە بەرخەمی هۆشیارییەکی ڕەوانە. ئەو تاکانەی کە وێستی خۆیان لە حکومەتدا دەدۆزنەوە، خاوەنی وێستێکی ڕەوان نین، چونکە ئەوانە کاوسالانانە چونەتە ناو گرێبەندی کۆمەڵگاوە. دەسـەڵات دەبێت لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمییەکی ئیندیڤیدوالۆ دروسـتـبـکـرێـت، لـێـرەشـدا دەسـەڵات گەورەترین ئەرکی بریتییە لە پاراستنی ئەو ئۆتۆنۆمییە ئیندیڤیدوالانە. ئەمەشی کە باس دەکرێت تەنیاو تەنیا لە دەستووریکی هەڤپەروەردا پراکتیزە دەکرێت دەنا لە ئەبستراکتدا دەمێنێتەوە. ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ سـەر مۆراڵیتیەت لە سیاسەتدا، ئەوا ئەو مۆراڵە دەبێت ئەو ڕاستییە ببینێت کە هەموو یەکێک بۆیە مرۆڤە، چونکە خاوەنی مافێکی سروشتییە، مافێک کە لە دەربڕیندا پێناس ناکرێت، ئەمەش ناوکی سەلماندنی ئازادییەکانی ئەوە وەک مرۆڤ. کێشەی ئێمەش ئەوەیە کە وەک کورد، وەک مرۆڤ هێشتا نازانین خاوەنی چ مافێکین لە سروشتی خۆماندا. تاکی کورد پێویستە خاوەنی ئەو هەستە بێت کە ئەو بوونەوەرێکی سیاسییە، چونکە بەبێ ئەم هەستە ناتوانێت هیچ بەرگرییەک لە ئازادییە سروشتییەکانی خۆی بکات. وەک ئاریستۆتێلیس دەڵێت: هەموو مرۆڤێک پێویستە خاوەنی بەرپرسیارێتیی سیاسیی بێت، چونکە ئەو بوونەوەرێکی سیاسییە. تاکی کورد مافـو دادپەروەریی دەوێت، کەواتە دەبێت فەرمانڕەوایی بکات، چونکە دادپـەروەریـی بەبێ فەرمانڕەوایی هەق بوونی نابێت، ئەم فەرمانڕەوایەتییە پێویستە فەرمانڕەوایی دەوڵەتیش بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە. ئەوەشی هێزو توانای ئەمەی هەبێت، دادگای باڵای داوە کە ئێمە نیمانە. دابەشکردنی خۆشییەکانی ژیان، ئەو کەرەستانەی دەبنە هۆی زیادکردنی ژیانی تاک لە ڕۆژانـەی ژیانیدا ناکرێت وێستی کۆمەڵێک بێت بۆ باشەی خۆیان، بەڵکو دەبێت بۆ هەموان بێت. گرێبەندی کۆمەڵگا بۆ ئەوە نییە کە تاکێک فەرمانڕەوایی هەموان بکات، بەڵکو تاک لێرەدا تەنیا سیمبوڵێکە بۆ فەرمانڕەوایی هەموو، چونکە هاوڵاتییەک دەبێت وێستی خۆی لەو فەرمانڕەوایەتییەدا بدۆزێتەوە. لە گرێبەندی کۆمەڵگادا ناکرێت تاکێک فەرمانڕەوایی بکاتو زۆرینەی باشە، سەرمایە، خۆشیی ... هتد بۆ خۆی بەڕێتو خەڵکیش بێبەش. ئاریستۆتێلیس ڕێگا نادات کە تاک فەرمانڕەوایی بکات، بەڵکو تەنیا پرەنسیپێک نەبێت، چونکە مرۆڤ لە فەرمانڕەوایەتییدا مامەڵە دەکاتو تیرانیزەی کۆمەڵ دەکات، لێ پرەنسیپێک چـاودێـرە چ بەسەر فـەرمـانـڕەواوەو چ بەسەر دەسەڵاتیشەوە. ئـەوەی کورد نییەتی پرەنسیپێکە، گرێبەندێکی کۆمەڵگایە، هەربۆیە مرۆڤێک وەک فەرمانڕەوا چ مامەڵە بە کوردو وێستەکانییەوە دەکاتو چ تیرانیزەیشی دەکات.

لە فەرمانڕەوایی ئێمەدا، بەتایبەت لەم سەردەمە نوێیەدا، مرۆڤ چیدی ئاژەڵێکی سیاسیی نییە، بەڵکو بووەتە تاکێکی ڕادیکاڵی ئیگۆئیستی ئیندیڤیدوالۆ. سەرنج بدەرە تۆماس هۆبز ١٥٨٨ هەتا ١٦٧٩، لەلای هۆبز: مرۆڤ گورگە مرۆڤە، تێڕوانینی هۆبز لە سەردەمی خۆیدا تەواو لە تێڕوانینی ئاریستۆتێلیس دووبەرەکیوتووەتەوە، چونکە لەلای هۆبس جیهان بریتییە لە جەنگی هەموو دژ بە هەموو. بۆ ئەوەشی لە هۆبس تێبگەین، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە ئەو لە چ سەردەمێکدا ژیاوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە جەنگی خوێناویی ئایینی بەریتانیادا کە ناچاریی دەکات بە بیرکردنەوە لە ئاشتیی، ئاشتییەکی ئیدیالانە. لەلای میکاڤێللیی، هەمانشێوە بەپێچەوانەی ئاریستۆتێلیسەوە، مرۆڤ لە سروشتەوە ئاژەڵێکی سیاسیی نییە، بەڵکو ئیگۆئیستێکی ڕادیکاڵە. ئەم تێڕوانینە تـەواو و ڕێک ئیگالیتێتی خۆیان لەناو سیاسییەکانی ئێمەدا دەدۆزنـەوە. ئەم دەستوورەشی کە ئێمە کێشەمان لەگەڵیدا هەیە بەرهەمی ئەو مرۆڤە ئیگۆئیستە ڕادیکاڵانەن. کێشەی تاوانبارکردنو ناهەقیی لەناو حکومەتی ئێمەدا لە دەستوورەکەیانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئایندە، ئەوان لە ڕێگای دەستوورەوە دەیانەوێت بە هەمووان بڵێن کە ئەوان لەسەر هەقنو ئێمەش تاوانبار. ئەگەر لێرەدا بە تێڕوانینی هۆبز حکومەتو دەستوورەکەیان بخوێنینەوە، ئەوا ئاژەڵەکانی ناو تێرەکەی هۆبز (هۆکارەکانو قوتبوونەوەی دەوڵەت)، زۆر تۆڵەڕانتترن لە دەستوورەکەی ئێمە، چونکە ئەگەر هاتوو ئاژەڵەکان باش ژیان، ئـەوا جیاوازیی نێوان ناهەقییو تاوان ناکەن، هەربۆیە لەکاتی خۆیدا دەستنیشانی ناهەقییو تاوانیش ناکەن. حکومەتەکەی ئێمە بە بچووکترین ڕەخنە هەم تاوانبارت دەکاتو بە بیانووی ناهەقیلێکردن سزات دەدات، ئەمە وێڕای ئەوەی ژیانی ئەندامانی حکومەتی ئێمەو سەرۆکەکەیان لە هەموو کەس خۆشترە.

ئەنجام:

ئازادیی ڕادەربڕین ئەو کاتە هەیە کە قسەکەر پشتیوانیی دەسـەڵات دەکـات، دەنا ئازادیی ڕادەربڕین لەناو ئێمەدا لە ئەبستراکتدایە. ئەوەی لە دەستووردا هەیە بە یاساییکردنی تۆندوتیژییە دژ بە ئازادیی ڕادەربڕین.

کـێـشـە لـێـرەدا بریتییە لـە بە پیشەسازییکردنی ڕزگاریی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین سەرمایە، هەربۆیە خاک لە تێڕوانینی چینە زاڵە دەسەڵاتدارەکانی ئێمەدا کاڵایەکە بۆ ساغکردنەوە، ساغکردنەوەیەک کە بەهۆی سیاسەتەوە دەتوانێت گەمە بە نرخەکەی بکات. دەسەڵات لەلایەک دەیەوێت پیشانی کۆمەڵی بدات کە ئەو لە خەمی ڕزگاریی نیشتمانداییە و لەلایەکیش پیشانی بەغدای دەدات کە ئامادەی دانوستاندنی سیاسییە لەسەر نـاوچـەدابـڕاوەکـان، ئەمەش بە واتای مامەڵەکردن، کەواتە لە مامەڵەیەکی ئاوهادا هیچ پێویست بەوە ناکات، ئاماژە بە جوگرافیا بدەیت، بەڵکو پێویستە ئاماژە بە سیاسەت بکەیت.

کێشەی ڕازیکردنی ئیسلام لە لایەکو خەڵکیش لەلایەک، کێشەیەکی هێندە سانا نییە کە لە کەمترین مـاوەدا، بتوانیت لە دەستوورێکی ئاوهادا دابیڕێژیت. دەسەڵات دەیـەوێـت چ شەریعەتی ئیسلامو چ یاساکانی خۆیشی لەیەککاتدا بەکاربهێنێت، واتـە ئەگەر کەسێک توانی لە ڕێگای یاساییەوە بەرگریی لە خۆی بکات، ئەوا لە ڕێگای شەریعەتی ئیسلامەوە ڕێگریی دەکەن، هەمانکات بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کارێک بە یاسا نەکرا ئەوا پەنا بەرنە بەر شەریعەتی ئیسلام. ئەم ماده دوالیزمییە، وەک دوو جیهان سنووریان بە سنووری یەکترەوەیە، لێ هەردووکیان لە خزمەتی چینە زاڵەکەی دەسەڵاتدان نەک لە خزمەتی خەڵکییدا، ئەم مادەیە بەهیچ شێوەیەک ئیگالیتێتی تێدا نابینرێتەوە، ئەم بڕگەیە نەک دەبێتە کێشە بۆ دیموکراتییەت، بەڵکو دەبێتە مایەی نانەوەی کارەسات.

بێجگە لە کۆمەڵێک کەس هیچ کەسێکی دیکە ئازادییەکانی خۆی نەخستووەتە ناو ئەم گرێبەندەی کۆمەڵگاوە، باشترە بڵێم، گرێبەندێک کە تاکە ڕادیکاڵە ئیگۆئیستەکان لەپێناوی سەپاندنی فەرمانڕەوایەتیی خۆیاندا دەریانکردووە، بۆئەوەی لە ڕێگایەوە ڕێگا لەوە بگرن کە پرەنسیپێک فەرمانڕەوایەتیی بکات نەک مرۆڤێک. وێستەکانی ناو ئەم دەسـتـوورە وێستی تاکە نەک کۆمەڵ، هەربۆیە ناکرێت پەسەند بکرێت. دەستوور وەک (جـۆن راولـس)، (John Rawls) دەڵێت: دەبێت خاوەنی ئیتیکی دادپەروەریی بێت. ئەم دادپـەروەریـیـەش بریتییە لە پرەنسیپێکی کۆمەڵایەتیی کە بەبێ ئازادییە ئیندیڤیدوالییەکان ئەبستراکتانە دەمێنێتەوە. ئەمە نەک فێڵە لە کۆمەڵ، بەڵکو ناهەقییەکی گەورەیە.

ژمـــارە (545) سێشەممە 2009/9/1
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

بۆ کورد یەک لیستیی پێویستە، یان یەک هەڵوێستیی؟

بەرهەم خالید



ژمارەیەک لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لایەنی کورد دابەشبووە بۆ دوو بەرەی جیاواز هەندێکیان پێیانوایە لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغدا دەبێت کورد بەرامبەر رکابەرە شیعیو سوننییە عەرەبەکان بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکات، لە بەرامبەردا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێیانوایە گرنگ نییە کورد بە یەک لیست بەشداربێت، بەڵکو دەنگو ڕەنگی جیاوازی کورد بە بەرنامەو هەڵوێستی هاوبەشەوە زیاتر بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەغدا دەستەبەر دەکات.

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لە کوردستاندا توانی بۆ یەکەمجار هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بباتە پەرلەمانی کوردستانو کۆتایی بە (١٧) ساڵ لە قۆرغکاریی یەکێتیو پارتی بهێنێت لە پەرلەماندا ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانەش بە باشی دەزانن هەمان ئەزموون بگوازنەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو بۆ چوار ساڵی داهاتوو دەنگو ڕەنگی جیاواز لە یەکێتیو پارتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات لە بەغدا.

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرەی قەتەری کە لە ماوەی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، یەکگرتوویی کورد لە بەغدا لە یەک لیستیدا نییە، بەڵکو یەک گوتاریی کورد دەبێتە هۆی یەک هەڵوێستیی وتی: «مەسەلەی هاو لیستی یان یەک لیستیی لەگەڵ مەسەلەی یەک هەڵوێستی جیاوازە بۆ بەغدا. ئێمە وا دەبینین کە فرە لیستیی مانای فرە هەڵوێستی نییە، وە دەگونجێت فرە لیست بین، بەڵام یەک هەڵوێست بین وەکو نموونەشمان هەیە کە کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەغداد توانی ئەو نموونەیە بەجێبهێنێتو توانی لیستی جیاواز بێت، بەڵام هەڵوێستی هاوبەش بێت».

بـەریـارە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٦) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەرتاسەری عێراقدا ئەنجامبدرێت بۆ ئەو مەبەستەش حیزبو لایەنە سیاسییەکان خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئامادەدەکەنو سەرگەرمی پێکهێنانی هاوپەیمانیو چاوەڕواندەکرێت کورد بە چەند لیستێک بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات، بەتایبەت لیستی گـۆڕان، کە بـڕیـاریـداوە بـە لیستی سەربەخۆ بەشداربێت، ئەوەش لەپێناو فرەڕەنگیی، لە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغدا.

د.ڕەئـوف عوسمان، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی، بە باشی دەزانێت کە کورد بە چەند لیستێک بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات، چونکە ئەوە چەندین سوودی بۆ کورد تێدایە، د.ڕەئوف لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئامادە بۆ ئەوە دەکات، کە لەکاتی فرە لیستیدا خەڵکی حەماسی زیاتریان دەبێت بۆ کێبرکێو بەشداریکردن لە دەنگداندا، ئەوەش وادەکات کورد ژمارەی کورسی زیاتر بەدەستبهێنێت هەروەها زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت کە لە کوردستاندا دیموکراسییەت هەیەو بەهۆی ئەوەشەوە خەڵکی لە پسپۆڕیی جۆراوجۆرو خاوەن بیرو بۆچوونی جیاواز دەچنە پەرلەمانو وا دەکـات هـەر قـەوارەیـەک قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بزانێتو وتیشی: «بەڵام دەبێت لەگەڵ فرە لیستیدا لە بەغدا یەک هەڵوێست بین لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو کێشەکانی دیکە، لـەبـەرئـەوەی بیرو بۆچوونی جیاواز دەبێت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد لە بەغدا».

سـیـروان زەهـــاوی، بـڕیـاردەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کـردووە؛ کە لەبەرئەوەی هەموو هێزە کوردستانییەکان بە ئۆپۆزسیۆنو بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات، چونکە ئەوە چەندین سوودی بۆ کورد تێدایە، د.ڕەئوف لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئامادە بۆ ئەوە دەکات، کە لەکاتی فرە لیستیدا خەڵکی حەماسی زیاتریان دەبێت بۆ کێبرکێو بەشداریکردن لە دەنگداندا، ئەوەش وادەکات کورد ژمارەی کورسی زیاتر بەدەستبهێنێت هەروەها زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت کە لە کوردستاندا دیموکراسییەت هەیەو بەهۆی ئەوەشەوە خەڵکی لە پسپۆڕیی جۆراوجۆرو خاوەن بیرو بۆچوونی جیاواز دەچنە پەرلەمانو وا دەکـات هـەر قـەوارەیـەک قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بزانێتو وتیشی: «بەڵام دەبێت لەگەڵ فرە لیستیدا لە بەغدا یەک هەڵوێست بین لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو کێشەکانی دیکە، لـەبـەرئـەوەی بیرو بۆچوونی جیاواز دەبێت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد لە بەغدا».

سـیـروان زەهـــاوی، بـڕیـاردەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کـردووە؛ کە لەبەرئەوەی هەموو هێزە کوردستانییەکان بە ئۆپۆزسیۆنو دەسـەڵاتو عەلمانیو ئیسلامییەوە شۆڕشگێڕنو خەباتیانکردووە، ئەگەری لێکنزیکبوونەوەیان زۆرە تا بە یەکلیستیو یەکڕەنگی بـەشـداریـی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەنو بۆچوونی وایـە کە دۆخـی کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراقو بوونی ئۆپۆزسیۆنو دەسەلات لە کوردستاندا کاریگەریی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی خزمەتگوزاریی، بەڵام بە گرنگی دەزانێت بۆ کێبکرێی هەڵبژاردنی عێراق بە یەکگرتوویی‌و یەک لیستیی بەشداریی بکەن.

لـە هـەڵـبـژاردنـەکـانـی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە حیزبە کوردییەکانو هاوپەیمانێتیی مەسیحیو تـورکـمـان (٢٠٪)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عێراقیان بەدەستهێنا، بە بۆچوونی سیروان زەهـــاوی، نابێت لـە ئێستادا بیر لە پەرتەوازەبوونو دابەشبوون بکەینەوەو وتیشی: «لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا شیعەو سوننەش بە یەک لیست دابەزین، بۆیە پێویستییەکی حەتمی بوو، شیعە زیاتر (٥٠٪)ی هێنا، بەیەک لیست دابەزی، بەڵام کورد (٢٠٪)ی هێنا بۆچی ئێستا بەیەک لیست دانەبەزێت، لەکاتێکدا دۆزی نیشتمانیمان هەیە، کێشەی مادەی (١٤٠)و ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو دەسەلاتی هەرێمو فیدراڵییەت هەیە، ئـەوان ئەو کێشانەشیان نییە، بۆ ئەم قۆناغەش ئەگەر خەڵکی دیکە بە یەک لیست دانـەبـەزیـووە، بـەڵام بۆ کورد گرنگترە بەیەک لیست دابەزێت».

لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی سەرجەم لایەنە کوردییەکانی دیکە لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا دابەزین، بەڵام لە زۆرێک لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی تایبەت بە کـوردداد هـەردوو فراکسیۆنەکە لە بـەرژەوەندیـی کـورد کاریان دەکـرد، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی دەکرێت کورد بە چەند لیستێک بەشداریی بکات، بەڵام دەتوانێت یەک هەڵوێستیان هەبێتو پێکەوە کاربکەن.

د.محەمەد ئەحمەد، پەرلەمانتاری عـێـراق لـەسـەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، هێندەی یـەک بەرنامەییو یەک هەڵوێستیی پێویستە، یەک لیستیی گرنگ نییە، پێویایە لیستی جیا واتای دەنـگـو ڕەنگی جیا دەگەیەنێتو وا دەکات کێبرکێی ئیجابی دروستببێتو جۆرێک لە چاودێریی بەسەر کاری یەکترەو هەبێتو شەفافیەت هەبێتو لە گۆشەنیگا جیاجیاکانەوە وێنەکە تەواوببێت، ئـەوەش لە بەرژەوەندیی کورددایە، وتیشی: «فرە لیستی دەبێتە هۆی فرە نوێنەری کە زۆرجار لە لیستێک تەنیا یەک نوێنەر بانگهێشت دەکرێت بۆ گفتوگۆ، بۆیە ئەگەر ئێمە چەند لیستێکمان هەبێت، ئەوا چەند کوردێک بەشداریی ئەو گفتوگۆیانە دەکـەن کە دواجـار بە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان دەشکێتەوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا، ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا هاو هەڵوێست بووین لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی».

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی یەکگرتوو ئـامـاژەی بۆ ئـەوەشـکـرد، کە لەکاتی بوونی چەند لیستێکی جیاوازدا بۆ کورد لایەنەکانی دیکە ناتوانن بە چاوی کەمەوە سەیری کورد بکەنو ناچاردەبن حیساب بۆ سەرجەم ئەو لایەنانە بکەن نەک لەگەڵ لایەک ڕێکەون بە تەنیا کە پێشتر ئەو حاڵەتە ڕوویداوە.

نابێت کەس چاوەڕوانی ئەمریکا بکات

هێمن لهۆنی

عێراق، بەرەو قۆناغێکی ئاڵۆز دەڕوات، هەروەک عێراقییەکان بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕۆنو هێزەکانی ئەمریکاش لـەپـاڵ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی، بەتایبەتی کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا، بەهۆی بەڵێنی سەرۆکەکەیانەوە خۆیان بۆ کشانەوە ئامادەدەکەن.

بەپێی وتـەی پسپۆڕێکی سیاسیی پەیمانگای هـودسـۆنـی ئەمریکیو ڕاوێژکار لە پەیمانگای بێسای ئیسرائیلی، ئەرکەکان لەسەر شانی عێراقییەکان خۆیانن، ماکس سینگەر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرکردایەتی سیاسیی لە عێراقدا بە کوردستانەوە پێویستە خۆیان کێشەی ناوخۆییەکان چارەسەربکەن، بەڕەنگاربوونەوەکان قورسن، چونکە زۆربەی کێشەکان عاتفینو ئاڵۆزن، ئەگەر عێراقییەکان لە خۆیان ڕادەبین بتوانن وڵاتەکەیان بەڕێوەبەرن، ئـەوا دەبێت کێشەکان چارەسەربکەن».

زۆرێـــک لـە چـاودێـرانـی سیاسیی بـاوەڕیـان وایـە، هـۆکـاری مـانـەوەی کێشەکانی عێراق بەتایبەتی کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا (بریتین لە مەسەلەی نەوتو پێشمەرگەو بودجەو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو لایەن پشتیان بە ئەمریکا بەستووە بۆ چارەسەرکردن.

«عێراق دەتوانێت ئەو کاتە سەرکەوتوو بێت کە سیاسییەکانی فێری ئەوەببن کە کاربکەنلەسەرکێشەکانتاچارەسەرکردن نەوەستن، هەروەها هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بێتو لایەنە عێراقییەکان پشت بە ئەمریکا ببەستن بۆ دڕایەتی لایەنێکی دیکەیان». سینگەر بە ڕۆژنامەی وت، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەدوایین سەردانیدا بۆ واشنتۆن ڕایگەیاند کە کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر لە قۆناغی مەترسیدان. کوردیش لەڕێگەی سەرۆک وەزیرانەکەیەوە تێچیرۆڤان بارزانی داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە عێراقدا، ئەمە لەکاتێکدا کە بە قسەی سەرکردەکانی کورد هێشتا ئەمریکا سیاسەتی تایبەتی نییە بۆ کورد. ڕاوێـژکـارەکـەی بێسای ئیسرائیلیش بەهەمانشێوە لەو باوەڕدایە کە «بەو پێیەی کە کێشەی کورد کێشەیەکی سەرەکی نییە لە سیاسەتی ئەمریکادا، لەبەرئەوە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەمریکا بکەیت کە سیاسەتێکی ژیرانەی هەبێت لە بارەی کوردەوە».

کـوردسـتـان تـارادەیـەکـی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لـە خۆ بەڕێوەبردنی خۆیدا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئاشکراشە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کێشەکان لێپرسراویەتی لە کوردستانیشدا قووڕسترددەبێت.

«ئاماژەکان ئـەوە پیشاندەدەن کە کوردستان بەرەو ئەوە دەڕوات کە فێری حوکمکردنێکی باش ببێت. ڕێگە کۆنەکانی حوکم تەنیا بە ڕابردووی دەخواردو بۆ ئێستا نابێتو هیچ هۆکارێک نییە کە پێمان بڵێت بۆچی کورد ناتوانێت فێری بنەماکانی حوکمی مۆدێرن بێت».

لێپرسراوە ئەمریکییەکان چەندینجار ئەوەیان دووپاکردووەتەوە، کە ئەوان ناتوانن ببنە ناوبژیوانی کێشەکانو ئەوان تەنیا داوای ئەوەی لە عێراقییەکان کردووە کـە سازشبکەن، بـەڵام پسپۆڕەکەی هودسۆن باوەڕیوایە، کە ڕۆڵی ئەمریکا تەنیا دەبێت ئاگادارکردنەوەبێت. ئەو وتی: «ڕۆڵی ئەمریکا لە ئێستادا دەبێت بریتی بێت لەوەی کە بیری عێراقییەکانی بخاتەوە کە ئەوان لێپرسراوی کاروباری خۆیانو دەبێت خۆیان کێشەکان چارەسەربکەن».

لە مانگی تەممووزی ڕابردوودا باراک ئۆباماى، سەرۆکی ئەمریکا، جێگرەکەی جۆزێف بایدنی ڕاسپارد، کە لێپرسراوێتی مەلەفی عێراق بگرێتە ئەستۆ، بایدن ئەو کەسەبوو کە لە سەردەمی ئەنجومەنی پیراندا داوای دابەشبوونی عێراقی کرد بۆ سێ هەرێم، هەرچەندە بایدن لەوەتەی چووەتە کۆشکی سپی لە دوورو نزیک باس لەو پرۆژەیەی ناکات، بەڕای ماکس سینگەر ئەو ناتوانێت هیچ پلانێک بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێتو داهاتوو بەدەست عێراقییەکان خۆیانە، وتی: «بایدن ناتوانێت هیچ بچەسپێنێت بەسەر عێراقییەکاندا، سیاسییە عێراقییەکان ئەگەر توانیان خۆیان پێکەوەبژین، ئەوا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، ئەگەر نەشتوانن ئـەوا بە تێپەڕینی کات عێراق دابەشدەبێت».



سەردار قادر:
سەرکەوتنی نەخشەی ڕێگا قۆناغێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە


سەردار قادر

سـەردار قادر نووسەرو شاعیر چەند ساڵێکە لەسەر دۆزی پەکەکە دەنووسێتو لەو بڕوایەدایە کارکردن بە نەخشەی ڕێگا، دەبێت ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتی تورکیا بێت، چونکە بە تەنیا نەخشەی ڕێگا دەتوانێت چارەسەری دۆزی کورد بکات لە باکورو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەڵێت «بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە تەنیا لای تورکیاوە ناکرێت، دەبێت گوێ بۆ لایەنی ڕکابەرو نەیاری چەند ساڵەی تورکیاش بگیرێت کە پەکەکەیە».

ڕۆژنامە: وەک دەوترێت لە قەندیل دەوڵەتێکی کـوردیـی سەربەخۆ هەیە، بۆچوونتان لەم بارەیەوە چییە؟

* تابڵێیی پێناسەیەکی جوانە کە دەوترێت قەندیل دەوڵـەتـی سەربەخۆی کوردانە، ئەویش لەسایەی هێزەکانی پەکەکەو (فەلسەفەی ئاپۆیزمدا) کە بەسەر ناوچەیەکی سەختی وەکو قەندیلدا بالادەستنو بەجۆشو خرۆشی کورداییەتیی ئاوەدانیان کردووەتەوە، کاتێک میوانانی قەندیل دێنە ئێرە، یاخود لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە قەندیل دەبینن و دەڵێن «بە ڕاستی قەندیل دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیە».

ڕۆژنامە: ئێوە پێتانوایە نەخشەی ڕێگا توانای گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی هەبێت؟

* سـەرکـەوتـنـی پـــرۆژەی ڕێـگـای ئۆجەلان قۆناغێکی نوێ دەهێنێتە پێشەوە بۆ کوردستان بەتایبەتی لەنێو سیاسەتی هەردوو نەتەوەی تورکو کورد کە بۆ چەندین ساڵە بە نەهامەتییەکانی جەنگو ماڵوێرانیو کاولییەوە دەناڵێنن، ئەگەر سەرانی تورک ئەو هێزەیان لەنێو خۆیاندا بزواندو توانییان گوێ بۆ ئۆجەلان بگرن، بێگومان نەخشەی ڕێگا دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە.

ڕۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە تورکیا چۆن لە نەخشەی ڕێگا دەڕوانێت؟

* ئەگەر سەرانی تورک نەخشەی ڕێگا قبوڵ بکەنو لێیی بگەن، توانییان لەفیکرو فەلسەفەی ئۆجەلانو سیاسەتەکەی بگەن، ئـەو کـات دەتـوانـن کـار لەشیکردنەوەو بەکرداریکردنی هاوکێشەکانی نێو ئەو نەخشەیەدا بکەن، بەگوێگرتنو دانپیانان بەباشیی، بەو نەخشەیە کورد پێ لە قۆناغێکی گرنگو کاریگەر دەنێت، کە دواتر دەبێتە هەوێنی ئاشتییەکی ڕاستەقینەو دۆزی کوردبە باڕێکی دیکەدا دەگوزەڕێنێت، کاریگەرییەکی تەواوی دەبێت لەسەر ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم بەتایبەتی دۆسییەی کەرکوک بە باڕێکی باشترو ئاساییتردا دەبات، بەڵام بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان کە ئێران حوکمڕانی دەکات، پێمواننیە دەستپێشخەرییەکی لەو شێوەیە هەبێت، بۆیە ئێران تائێستاش نکوڵی لە کەسێتیی کورد دەکاتو بەردەوام کوردی ئازادیخواز سەرکوت دەکـات بەرامبەر داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆی.

ڕۆژنامە: بۆچوونتان چییە لەبارەی هاتنی میدیاو ڕۆژنامەنووسان بۆ قەندیل، زیاتر بۆچوونتان چییە لەبارەی ڕێگریکردنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە؟

* ئەوە کارێکی نەگونجاوە بەرامبەر کەسێتیی ڕۆژنـامـەنـووس دەکـرێـت، لەهەمانکاتدا پـێـچـەوانـەی ڕەفـتـاری عەولەمەو پێشکەوتنو تەکنەلۆژیایە، ئەمڕۆ هەواڵو زانیارییەکان لەچاوی کامێراکان نـاشـاردرێـنـەوە، بـەڵام ڕێگریکردنو بەربەستیکردنی ڕۆژنامەنووسان، نەک بە تەنیا شاردنەوەی زانیارییەکانە بگرە شکاندنی یاسای زانیارییەکانە بـەوەی دەسەڵاتێک یان هێزێک لەپشتی کەتمانکردنی زانیارییەکانەوەیە، ڕۆژنامەنووسان ئازادن، چاوی کامێراکان مەودا درێژو وردبینن، بەو ئامانجەی ڕاستییەکان وەکو خۆیان بنووسنەوەو پەخشی بکەن، بەڵام بەداخەوە ئـەوەی دەکرێت بەرامبەر بە کەسێتیی ڕۆژنامەنووسو ڕێگریکردن بەرامبەریان لەپای چوونیان بۆ قەندیل، شاردنەوەی تاوانەکانی دوژمنە کە دەکرێن بەرامبەر بە گەلەکەیان.

ڕۆژنامە: ئێوە چەندین نووسینتان لە بـواری دۆزی پەکەکەدا هەیە لە کاتێکدا بەدەگمەن نووسەرانی باشوور خۆیان لە دۆزی پەکەکە دەدەن، هۆکاری ئەمە چییە؟

* گەرچی من پەکەکە نیم، بەڵام وەک مافێکی نەتەوەیی پاک هەڵوێستە بەرامبەر ڕووداوو بەسەرهاتەکانی پەکەکە دەکەم، ئەوە دەگێڕمەوە بۆ ئەو هەڵەتێگەیشتنەیان بەرامبەر پەکەکە لەباشوور، هەستدەکەم کەم نووسەری باشوور هەیە خۆی لە دۆزی پەکەکەبدات، لەکاتێکدا بەئەندازە ڕووناکبیران هەست بەوە دەکەن، ئەو شۆڕشە بەئیرادەوە بۆ کەسێتیی کوردو تاکی کوردو نیشتمانەکەی خەبات دەکات، مەخابن نووسەران توانای خۆنزیککردنەوەیان نییە بەو ڕێژە گەورەو زۆرەوە، بەوەندەی کە لە باشوور بوونیان هەیەو لەسەر جۆرەها شتی بێتامو ناپەسەند دەنووسن، دەکرێت کەسێتیی نووسەرو ڕۆشنبیرو شاعیران چاوکراوەتر لەدەوری خۆیان بروانن و چاوقایمتر بەدەوری خۆیاندا هەڵبسوڕێن، تا بە ویژدانەوە دەوروبەری خۆیان هەڵبسەنگێنن.

ئاگری شاهۆ: خەباتی ئاشتیخوازانە بە گونجاو دەزانین بۆ چارەسەری کێشەی کورد


ئاگری شاهو

ئاگری شاهۆ، ئەندامی کۆردیناسیۆنی پژاک ڕایگەیاند: ئێستاش هەڵوێستی ئەوان لەگەڵ ئێران ئاشتییەو دەیانەوێت بە ئاشتیو دیالۆگ کێشەکان چارەسەربن، چونکە بەوتەی ئەو : هەڵبژاردنی ئێمە خەباتی ئاشتییە، بەڵام ئێمە لەهەردوولایانەوە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین، بەڵام خەباتی ئاشتیو دیالۆگ ئەمڕۆ لەکوردستاندا کەوتووەتە پرۆژەوە ئەوە زیاتر بە گونجاو دەبینین

ڕۆژنامە: دوایین هەڵوێستی پژاک بەرامبەر حکومەتی ئێران چییە، بە تایبەت دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەو هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد، ئایا ئێستا ئێوە چالاکی سەربازیتان هەیە دژ بە ئێران؟

* ئێمە ئێستا لەکاتێکی بێ چالاکیداینو لەکاتێکدا کە پژاک دامەزراتاکاتی هاتنی ئەحمەدی نـەژاد شەرمان لەگەڵ ئێراندا نەبوو، بەڵام ئەحمەدی نەژاد هات هێرشی کردە سەرمان، ئێمەش وەڵاماندایەوەو شەڕ لەنێواناندا هەڵگیرسا، ئێستاش هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ ئێران ئاشتییە، ئێمە دەمانەوێت بە ئاشتیو دیالۆگ کێشەکان چارەسەربن، چونکە هەڵبژاردنی خەباتی ئاشتییە، بەڵام ئێمە لەهەردوولایانەوە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین، بەڵام خەباتی ئاشتیو دیالۆگ ئەمڕۆ لەکوردستاندا کەوتووەتە پرۆژەوە ئەوە زیاتر بە گونجاو دەبینین.

ڕۆژنامە: لەم ڕۆژانەدا هەڵوێستی حکومەتی تورکیاش لەسەردا هاتووە، ئەردۆغان داوای چارەسەری کێشەی کورد دەکات بە ڕێگەی ئاشتییانە، ئێوە ئەو هەنگاوانە چۆن دەبینن؟

* ئەو هەنگاوانە بە شتێکی باش دەزانین، بە هەوڵدانێکی تازەی دەبینین بۆ گەلی کورد بە تایبەت لە باکوور، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت ئەو دیالۆگەی ئێستا دەستپێکردووە بە هێزی ڕێکخستنە نەک باشی تورکیا، گەلی کورد زۆر دەستکەوتی بەدەستهێناوەو تورکیای ناچاری ئەوە کـردووە کە بیر لە چارەسەر بکاتەوە، بەڵام دەبێت هەموو هۆشیار بینو چاوەڕوانی نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان بین کە ئایا تورکیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

ڕۆژنامە: پرۆژەی نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان تاچەندە لای ئێوە گرنگەو بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت؟

* پـــرۆژەی چـارەســەری ئـۆجـەلان بۆ ئێمە زۆر بە واتایە، بەوەی ڕێکخستنێک (٣٠-٤٠) ساڵە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن هێزەو خەبات دەکاتو خاوەن ئایدۆلۆژیایەو ڕێکخستنێکی زۆر بە هێزی هەیە، واتە ئەو هێزەی هەیە کە بتوانێت لە نەورۆزی دیاربەکردا یەک ملیۆن مرۆڤ بهێنێتە بۆ ئاهەنگی نەورۆز بە جلی کوردییەوە. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئۆجەلان بۆ ئیرادەی گەلی کوردستانە، هەرچی پارتە سیاسییەکانی گەلی کوردستانە بۆ ئەوە گرنگی زۆری پێدەدەن، لەبەرئەوە ئەگەر تورکیا بیەوێت ئاشتییەکی یەکجارەکی بهێنێتە دی بەبێ گەڕانەوەی بۆ نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان هیچ چارەیەکی دیکەی نییە.


ڕۆژنامە: گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی هەرێمی کوردستانو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی کوردستان تاچەند بۆ ئێوە گرنگ بوون؟

* ئـەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە با بۆچوون هەبێت، بـەڵام یەکگرتن گرنگە، گرنگتریش لای ئێمە ئەوەیە گوتاری سیاسیی یەک بێت، نەتەوەو تاکی نێوەندی نیشتمانیی یەک هەڵوێست بێت، چونکە ئێستا لە باشوری کوردستان عەرەب بەهێز دەبێتو ئەمریکاش دەکشێتەوە، ئەگەر لەو حاڵەتەدا گەلی باشوور پارچە پارچەبن، ئەوا لاوازییان لەو پارچە پارچە بوونەدا دەردەکەوێتو لاوازبوونیش بەرەو هەڵدێریان دەبات.

ڕۆژنامە: لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵدرا لە هەوڵێر کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەسترێت بۆ پارتەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، بەڵام سەری نەگرت، ئێستاش لەدوای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەنگۆی بەستنەوەی هەمان کۆنگرە دەبیسترێت، ئێوە ئامادەکاریتان بۆ ئەوە چۆنەو ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییەی لەمیدیاکاندا باسکرا، دیارنەبوو کێ ڕێکیدەخات، هەندێک دەیانوویست لەو چوارچێوەیەدا بزووتنەی کوردیو بزووتنەوەی ئاپۆییزم لاواز بکەن، هەروەها پەکەکەو پژاک ڕاپێچی ئەو کۆنفرانسە بکەن، تەنیا خاڵیان ئەوە بوو پەکەکەو پژاک بێ چەک بکەن، ئەوان وێستیان کۆنفرانسێک لەو چوارچێوەیەدا دروستبکەنو دەیانوویست ئێمە بە زۆر پەلکێشی کۆنفرانس بکەن، بەڵام ئێستا ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دروستببێت، ئەمەش سوودو قازانجی زۆرە، بەڵام هەندێک شت هەیە لەو کۆنفرانسەدا پێویستە لە چوارچێوەی پلانی ئامادەکردندا سەد لەسەد ئێمە ئاگاداری بینو ئامادەبین تیابدا.

جومەرد: تەمبوور زمانمە


جومەرد

«من خاوەنی دوو کوڕی شەهیدم، هەردەم چاوم لە ڕزگاریی کوردستانە، هیچکات کـۆڵـنـادەمو ماندوو نابم، شانبەشانی گەریلاکانی کوردستان لەم کەژو کێوە خەبات دەکەم، لەپێناوی ئەوەی بتوانین بە مافە ڕەواکانی خۆمان بگەین»، ئەمە وتەی جۆمەردی پیرە، ئەو پیاوە ڕیش سپییەی لە بەرزاییەکانی قەندیل بینیم، ئەو نیوەڕۆ گەرمە ئارەقی شادیی بەڕیشە سپییەکەیدا دەهاتە خوارەوە، بەبێ وەستانو ماندوبوون لە ژەنینی تەمبورەڕەسەنەکەی نەدەکەوت، تەنیا ئامانجیشی دڵخۆشکردنی ئەو گەریلایانەبوو کە بە پیادە چەندین کیلۆمەتریان لە بەرزاییەکانی قەندیل بڕیبوو تاوەکو بەشداریی جەژنی یەکەم دەستپێکی شۆڕشی باکووردا بکەن، ئەو دەرویش ئاسا مۆسیقای بۆ کوردستانەکەی دەژەنیو لە نۆتەکانیدا باسی ئازادیی و ڕزگاریی دەکرد، جارجار بۆ ڕەوینەوەی ماندبوونی گەریلاو خاوکردنەوەی میشکو زاخاوی ئەو مرۆڤ گەلەی لە دەوری خەباتگێڕێکی میوزیکژەندا کۆببوونەوە، شێوازی ژەنینی تەمبورەکەی دەگۆڕییە سەر نۆتەی ڕەسەنی میوزیکی کرمانجیی، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە زیاتر هەستی نەتەوەیی گەریلاکان بەنێو پاناتایی نیشتمانەکەیاندا بگەڕێنێت.

جۆمەردی ڕیش سپی لە چاوە غەمگینەکانیدا بانگی ئازادیی دەدایە گوێی هاوڕێکانی، ئەو بێ لە ژەنیاری میوزیکسازیی، گۆرانیبێژێکی میللی کوردستانی باکـوورەو (٢٥) ساڵە شانبەشانی خەباتی کوردایەتیی خزمەت بە شۆڕشو تێزی کورد دەکات، لەهەمانکاتدا خۆی بە قەرزداری خاکو نەتەوەکەی دەزانی، زمانی کوردیشی بە گەورەترین شۆڕشی کلتووریی دەزانی لە پەنا ژەنینی تەمبورەکەیەوە دەیگوت «لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجانەی دوژمنانی کورد لە چوار پارچە داویانە، کورد توانیویەتی وەک مافێکی ڕەوای خۆی زمانی ڕەسەنی بپارێزێتو بەکاریبهێنێت، کورد دەوڵەمەندە بە زمان بە وشە بە کلتوور بە ڕەسەنایەتیی کورد بوونی خۆی، بە پیرۆزی ئەو شتانەی لە میژووی خۆیدا بۆی جێماوەو ئەمڕۆ بە زیندووی کاری لەسەر دەکات».

بـەدەم سڕینی ئـارەقـەی ڕیشە سپییەکەیەوە دەیـوت: «من تەمبور دەژەنم، پێدەچێت هەندێکتان نەزانن کە تەمبوور چییە، تەمبور ئالەتێکی پیرۆزی عەلەوییەکانە، لای ئەوان ژەنینی زۆر پـیـرۆزە، مرۆقی ژەنیار بەژەنینی تەمبور دەتوانێت ئـاوازی کوردانەی ڕەسەنی لێ دروستبکات، دەتوانێت وەکو زمانی نهێنییەکان بەکاریبهێنێت، ڕۆژگارێک بوو نەم دەتوانی لە باکوور بە کوردی قسەبکەم، بەڵام دەمتوانی بە زمانی ژەنینی تەمبوورەکەم زمانی نهێنیو ناوو شورەتم بسەلمێنم، من بە تەمبور شۆڕشێک گەورەم کردووە، لەو ڕێگەیەوە خەباتی هونەریی شاخم دەوڵەمەند کردووە».

جۆمەردی ڕیش سپی ئێستا لە لوتکەی بەرزاییەکانی قەندیلەو هەردەم ڕووی لە باکووری وڵاتەو چاوەڕێی دەرکەوتنی خۆری ئازادیی دەکات.



نەخشەڕێگا ٧

ئامادەکردنی: زمناکۆ ئیسماعیل

ئەحمەد دەنیز: ئەگەر تورکیا دەیەوێت پرسی کورد چارەسەر بکات، دەبێت نەخشەی ڕێگا بە گرنگ وەربگرێت



ئەحمەد دەنیز

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی‌پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکەو ئەندامی کۆماجڤاکی کوردستان رایگەیاند: ئەوان دەیانەوێت چیتر تورکیا نکوولی لە بوونی کورد نەکات شۆڕشو سەرهەڵدانەکان تەواوبێتو تورک و کورد پێکەوە پەرە بە زمانو کلتووری خۆیان بدەن، لەنێو خاکێکی دیموکراتو ئازاددا.

ڕۆژنامە: لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ئەمڕۆی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە هەڵوێستی ئێوە چییە دەربارەی قسەکانی ئەردۆغانو دانیشتنەکانی لەگەڵ ئەحمەد تورک؟

*لە ڕاستیدا ئەوە هەڵەیە کە ئەو پرۆژەیە بەپرۆژەی ئەکەپەو ئەردۆغان بزانین، چونکە ئەوە پرۆژەی پەکەکەو ئۆجەلانە، ئەو جۆرە تێگەیشتنەی دیکە هەڵەیە، هەندێک بەرهەنگاوی بچووک هەیە لەلایەن تورکیاوە کە دەخوازن پرسی کورد چارەسەر بکەن، ئەوەش کارێکی سروشتییە، لەبەرئەوەی کاتێک پەکەکە دەرکەوتو دروستبوو هیچ مافێکی کورد لە باکووری کوردستاندا بوونی نەبوو، زمان قەدەغەبوو، جلی کوردیو کلتوورو ڕۆشنگەریی کوردی قەدەغەبوو، کوردبوون قەدەغەبوو، کاتێک بزووتنەوەی پەکەکە سەریهەڵداو خەباتیکرد، گەلی ئێمە تووشی ئەشکەنجەدان بوو لەسەری، لەپێناوەدا خوێنی ڕشت، بە هەزارەها گوندی کاوڵبوو، خانوو ماڵیان بەسەردا سوتاندو ماڵوێرانیان کردن، مرۆڤی کوردیان لەسەر بیرۆکەی کوردایەتیو پەکەکە کوشتو بڕکرد، واتە ئەگەر ئەمڕۆ پرۆژەی نەخشەی ڕێگا چارەسەریی بێت، ئەوا بەری ڕەنجو خەباتی ئەو ڕۆژەیە، چونکە ئەگەر خەباتو تێکۆشان نەبوایە، دەوڵەت بە قسەی هیچ کەسی نەدەکرد، بۆیە ئەمڕۆ دەوڵەت پێ لەخۆی دەنێت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەناوچەکانی کوردستاندا.**

ڕۆژنامە: ئێوە چۆن دەڕوانینە وتەکانی بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا، بە بۆچوونی ئێوە لە وتەکانیدا تروسکەی ئاشتیی دەبینرێت بۆ کێشەی کورد؟

* بەڵێ هەندێ شتی پۆزەتیڤ هەیە چوارچێوەی کارەکان باش دەبینم، ئەوان لە ناوەڕۆکدا دەیانەوێت دژی هەندێ هێزی دیموکراتیی بن،لەو چوارچێوەیەدادەیانەوێت خەباتی هێزی دیموکراتیی بوەستێنن، خەباتی کوردان بوەستێنن، ئێستا لەلایەک دەوڵەت بەقسە دەیەوێت چارەسەری پرسی کورد بکات، لەلایەکی دیکە کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی دەکاتو پلانی لەناوبردنی کوردان دەگێڕێ لەگەڵ عێراقو ئێرانو ئەمریکادا، بۆ ئەوەی گەریلا لەناوبەرنو پەکەکە لاواز بکەن، پرسی پیلانگێڕیی دەکەن، لەلایەکیش ئۆپەراسیۆنی سیاسیو سەربازیی بەردەوامە، لەلایەک لەسەر دەتەپە ئۆپەراسیۆنی سیاسیی هەیە، لەسەر سنووریش ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دەکەنو هێزی تازە کۆدەکەنەوە، ئەم هەڵوێستە ئەوە دیاریدەکات، کە دەوڵەت هەڵوێستێکی دوو ڕێگای گرتووەتەبەر. یەکەم، لەلایەک وەک لە قسەکانیدا هەیە دەوڵەت دەیەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکات، لەلایەکەی دیکە دەیەوێت کورد لەناوبەرێت، لێرەدا پێویستە دەوڵەتی تورکیا کوردەکان وەک نوێنەری سەرەکی بگرێت، واتە ئەگەر بێتو کوردەکان بە پێویست بگرێت، ئەگەر بزووتنەوەی ئازادیی کوردان بە نوێنەرو سەرەکی نەگرێت، ئەوکات ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات.

ڕۆژنامە: پرۆژەی ڕێگای ئۆجەلان لای ئێوە چی دەگەیەنێت؟

* دەمەوێت ئەوە بڵێم، پرۆژەی ڕێگای ئۆجەلان پرۆژەیەکی گرنگی ستراتیژییە، ئەگەر دەوڵەتی تورک دەیەوێت پرسی کورد بە چارەسەر بگەیەنێت، دەبێت نەخشەی ڕێگا بە گرنگ وەربگرێت، ئێمە لەو باوەڕەداین سەرۆکایەتیی نەخشەیەکی گونجاوی داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەنێوان کوردو تورکدا، ئەو دەیەوێت پرسی کوردو بوونی کورد بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردو ئەو دەمەی تورکیا نکوولی لە کەسێتیی کورد دەکرد، کە دەکاتە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی تورک، کوردیش بەرامبەر بەوە خەبات‌و تێکۆشانی کردووەو شۆڕشی هێناوەتە ئاراوە، ئێمە دەمانەوێت چیتر تورکیا نکوولی لە بوونی کورد نەکات، چیتر شۆڕشو سەرهەڵدانەکان تەواوبێتو تورک‌و کورد پێکەوە پەرە بە زمان و کلتووری خۆیان بدەن، لەنێو خاکێکی دیموکرات‌و ئازاددا.

ڕۆژنامە: پەیوەندیی نێوان پەکەکەو دەتەپە چۆنەو لە چ ئاستێکدایە، بەتایبەت کە جیاوازی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان شێوازی خەباتی ئێوەو ئەواندا؟

* دەتەپە حیزبێکی فەرمیی دیموکراتییە، بە هەڵبژاردن هاتووەتە ئاراوەو توانیویەتی لە باکوور خۆی دەربخات‌و بە هەڵبژاردنیش دەسەڵات بگرێتە دەست، واتە دەتەپە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئازادی دیموکراتییە، بەڵام پەکەکە حیزبێکی چەکداریی‌و توانیویەتی بە ڕێگەی خەبات‌و تێکۆشان هێزی خۆی دەربخات‌و لەو ڕێگەیەشەوە بە چەک ماندووبوونی خۆی سەلماندووەو بە خەباتی چەکداریی سەری هەڵداوەو فیداکاریی‌و تێکۆشانی بۆ ئازادیی گەل هێناوەتە ئاراوە، ئەوە شتێکی ڕاست‌و سەرەکییەو هەموو دەزانن کە پەیوەندیمان نییە.

ڕۆژنامە: گۆڕانکاریی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان تا چەندە بۆ ئێوە سودمەندبوو، ئێوە چۆن لەو هەڵبژاردنانەتان ڕوانی؟

* ئێمە زووتر هەڵوێستی خۆمان ئاشکرا کردو بێلایەنیی خۆمان نیشاندا، چونکە لە باکووری کوردستان دەتەپە دژی داگیرکەران کەوتبووە هەڵبژاردنەوە، بۆیە ئاشکرایە هەوڵدان‌و پشتگیریمان بۆ دەتەپە بوو، چاودێری‌و تێبینیمان زیاتر لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی باکوور بوو، بەڵام لێرە لە باشوور هەڵبژاردنەکان بابەتێکی ناوخۆیی بوون، زیاتر بابەتێکی دیموکراسی بوو، لەسەرو ئەوەشەوە قەدەغەکردنی لیستی هیوا تا بڵێیت هەڵەیەکی گەورەبوو، ئەوە لەسەر دیموکراتیزەکردنی کەسێتیی کورد کەوت‌و هەڵەیەکی مەزن بوو هێنرایە ئەنجام، کاتی دەستپێکردن‌و هەوڵدان بۆ هەڵبژاردن کارێکی باشبوو، لە کاتێکی باشدا هەڵبژاردنەکان هاتە ئاراوە، پێویستە ئارامگیریی هەبێت لە دروستبوونی حیزبی ئۆپۆزسیۆندا، چونکە بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆن دیموکراسییبوون دەبێت، بەبێ ئۆپۆزسیۆن دیموکراسی چییە، خۆ بە تەنیا نابێت حیزبی دەسەڵات بوونی هەبێت، بۆ هەریەکێکیش لەوان، حیزبی دەسەڵاتدارو هێزی ئۆپۆزسیۆن واپێویستە گەلی ئێمە بەوە خۆشحاڵ بکەن کە بەرپرسیارێتیی هەبێت، واتە دەسەڵات بە تەنیا گەل بێتو بۆ گەلیش بێتە ئاراوە، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە بۆ یەکەمجارە لەبابەتی هەڵبژاردن‌و تەواوبوونی هەڵبژاردندا کورد بەرامبەر بەیەکتر چەکی ڕانەگرت‌و بە چەک کۆتایی بە هەڵبژاردنەکان نەهێنا.

ئازاد باهۆز، چاودێری سیاسیی لەسەر دۆزی پەکەکە: لەگەڵ تورک، لەنێو جوگرافیای تورکیادا ژیان قبووڵدەکەین

ڕۆژنامە: ئێوە پێتانوایە پرۆژەی ڕێگای ئۆجەلان ببێتە چارەسەری کێشەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان؟

* پێموایە پرۆژەی ڕێگای ئۆجەلان نەک تەنیا چارەسەری بۆ مەسەلەی کورد پێیە لە باکووری کوردستاندا، بگرە نەخشەیەکە بۆ تەواوی کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرچی لایەنە زلهێزەکان هاتوون‌و کێشەکانیان بەرەو قوڵتربوونەوە بردووەو نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، بەڵام نەخشەی ڕێگا توانای چارەسەری هەیەو دەتوانێت بنبڕی کێشەکان بکات‌و خەڵکانی خۆرهەڵات دەتوانن ئاشتییانە ژیانی خۆیان بەسەربەرن‌و لەو چەرمەسەرییانە ڕزگاریان بێت کە تێیدان.

ڕۆژنامە: نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان هیچ مەرج‌و هیچ پێودانگێکی تێدا دەبێت بەوەی کە تورکیا پێداگربێت لەسەر هەندێک شت؟

* نەخشەی ڕێگا کە ئۆجەلان باسی دەکات کولییەتەکانیش لە چاوپێکەوتنی پێشوتردا باسی لێوە کردون، یەکێک لە بەندەکانی ئەو کولییەتە دەڵێت: «ئێمە کوردێکی دیموکراتین»، یان نەتەوەیەکی دیموکراتین، واتە ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی تورک لەنێو جوگرافیای تورکیادا ژیان قبووڵدەکەین، بە مەرجێک کە مافی دیموکراتی‌و پێکەوە ژیانمان هەبێت‌و دەوڵەتی تورک ئێمە وەک نەتەوەیەکی دیموکرات قبووڵبکات، ئێستا بەند بە بەندی نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان دیارە، زۆر کەس‌و لایەن لەوانەیە هەندێک شت بڵێن کە لەو چوارچێوەیەدا جێگیر دەبێت، ئێستاش زۆر کۆمەڵەی نەژادپەرست لەنێو تورکیادا بوونی هەیەو لە باکووری کوردستاندا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، ئەو جۆرە کۆمەڵانە ئەوانەن کە بە هەموو جۆرێک ئاستەنگیی دروستدەکەنو بۆ ئەوەی نەتوانرێت ئەو ڕێگا چارەسەرییە کە ئێستا دەرگای بۆ ئاوەڵاکراوە بەهەدەربەرن، لێرەدا دەبێت ئێمە زۆر خۆشبین نەبین، بەڵام واقع بین بین.

ڕۆژنامە: پێتوانییە نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان ببێتە هۆکاری دابەشبوونی تورکیا بەسەر دوولایەنی ناسیۆنالی ڕەگەز پەرست‌و ناسیۆنالستی میانڕەو، ئەم دوو هێزبوونەش وابکات لە تورکیادا کێشەیەکی دیکە هەڵبگیرسێنێت‌و ئاقاری کوردیش بەلایەکی دیکەدا بەرێت.

* لەناو تورکیادا شەڕی نەژادپەرستی تورک‌و لایەنی ناواقیع بینانەتر لەگەڵ ئەو لایەنەی کە تۆزێک واقیع بینانەترو میانڕەوە بوونی هەیە لەگەڵ یەکدا، بێگومان ئەو کێشەیە ناوبەری ئەوانە دەردەخات، هەرچەندە لەم قسانەی ئاخیری دەنیز بایکاڵدا کە دەرکەوت وەک نوێنەری نەژادپەرستەکان کەمێک نەرمو نیانی‌و لایەنی میانڕەوی دەبینرێت، بەڵام ئەوەی کە هەیە لە ناوخۆیی تورکیادا بەناوی حیجاب‌و کێشەی دینداری‌و ململانێی یەکتری زۆر پەیوەندیی بە کوردەوە نییە، کورد پێویستی بە گەیشتنە بە مافی خۆی بۆ ئەمەش ئەگەر کێشە بخاتە ناو ئەوان‌و جیابوونەوەو ئینشیقاق دروستبکات ئەوە موشکیلەی ئەوانە نەک کورد، کورد پێویستی بە مافی خۆیەتی، ئالێرەدایە لایەنی تورک مرۆڤی ئاشتیخوازو دیموکرات‌و ئازادیخوازو نووسەو ڕووناکبیر هەڵوێستەی خۆیان دەدەن، هێشتا نەخشەی ڕێگا دەرنەکەوتووە پشتگیریی خۆیان بۆ ئەو نەخشەیە دەربڕیوە.

ڕۆژنامە: چەندە هیوای سەرکەوتن بە نەخشەی ڕێگا دەخوازرێت، بە بۆچوونی ئێوە تورکیا کار بەم نەخشەیە دەکات‌و گوێ بۆ داواکارییەکانی ئۆجەلان دەگرێت؟

* تورکیا ناچارە هەنگاو هەڵنێت، لەمەوبەر ڕاگەیەنرا کە تورکیا سێ قۆناغ دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، گەرچی تورکیا چەندین هەنگاوی دیکەی هەڵهێنا، بەڵام لەگەڵ هیچیان نەچوونەسەر، ئەوەشدا، چونکە چارەسەری تێدا نەبوو، هیچ لایەنێکی کوردی لێیی قبوول نەکرد، ئەو هەنگاوانەش لە تەرتە (٦)وە دەستیپێکرد، تورکیا پێییوایە تەرتە (٦) هەمان کاری تەلەفزیۆنی کەرکوکی سەدام بکات، ئەو پێیوابوو کورد بەوە قەناعەت دەکات، بەڵام نایکات، لەو قۆناغەدا بە حەقیقەت تورکیا نەیتوانی سەرکەوتووبێت، ئێستا تورکیا دەیەوێت نەک نەخشەی ڕێگا قبوول نەکات بگرە لە چوارچێوەی حوکمی زاتی سەدامدا خاکمان پێبدات، بەڵام ئایا کورد ئەوە قبوول دەکات یان نا ئەمە لایەنێکیتی، ئەوەیە کە دەوڵەتی تورک دەیەوێت تابتوانێت کەمترین ئیمتیازات بدات بە کورد، بەڵام کوردیش وەک نەتەوەیەک مافی خۆی ناسیووە دەیەوێت وەک مرۆڤێکی بەرامبەر بەو مافانەی لە مرۆڤایەتیدا هەیە بەرامبەر بە ئازادیی‌و دادپەروەریی لەنێو کۆمەڵگەدا مافی خۆی وەربگرێت.

ڕۆژنامە: ئێوەو زۆرێکی دیکە لە چاودێرانی سیاسیی دەڵێن نەخشەی ڕێگا توانای گۆڕینی نەخشەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوینی هەیە، لە باشوورو خۆرهەڵات هیچ هەڵوێستێک نابینین، گەرچی پرسی خۆرهەڵات جیاوازترە لەچاو پرسی بەشە کوردییەکانی دیکەدا، ئێوە ئەمە دەگەڕێنەوە بۆچی؟

* یەک هۆکار هەیە لە باشووری کوردستان، هەندێک پەیوەندیی هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمو تورکیاو ئێران، بەڵام هەرکاتێک لەسەر بەرژەوەندیی پارچەیەکی دیکەو لایەنێکی دیکەی کوردستان پەیوەندیی بگیرێت‌و لەسەر ئەوە سیاسەت بکرێت ئەوە جێگەی ڕەخنەیە، بەڵام بەگشتیی ئەوە بڵێین، بەو جۆرەی لە خەڵک وردبینەوەو بڵێین هەڵوێست نابینین، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوە سنووردارەی حکومەت لە سیاسەتکردندا دایڕشتووە، بەوەی لە هەندێک بۆچوونداو ناتوانێت بەو شێوەیە هەڵوێست وەربگرێت، لەهەمانکاتدا ئەگەر بڵێین لە باشوور هەڵوێست نابینین، من پێموایە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی لەمەوبەر لەچاو چەند ساڵی ڕابردوودا هەستی نەتەوەیی پتربووەو پەڕەی سەندووە، ئەو ڕوحیەتەی وا پێویستە کە کوردستان لەنێو خەڵکیدا زیندوو بکاتەوەو بەیەک چاو خەڵکی ببینێت وا لە خەڵک دەکات کوردستان بە بەهێزیی ببینێت، هەرچەندە من بڕوام وایە ئێستا هەستی نەتەوەیی لەناو خەڵکدا زیندووترە وەک لەنێو دەسەڵاتدارانی هەرێمدا، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم هەندێک هەڵوێست هەیە ناتوانن ڕاستەوخۆ نیشانیبدەن، ئەوە قابیلی دەرکپێکردنە لە سیاسەتکردندا، بەڵام هەندێک کاتیش ڕەخنە دێتە سەریان بەوەی بۆ بەو شێوازە ناجوڵێنەوە کە خزمەتی نەتەوەی تێدابێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەمڕۆ لەنێو هەرێمدا، لایەنی نەتەوەی لەنێو خەڵکانێکدا زیندووترە.

ڕۆژنامە: بەڵام لەنێو حیزبەکانی خۆرهەڵاتیشدا هیچ هەڵوێستێک نابینین بەرامبەر بە نەخشەی ڕێگا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەگوترێت نەخشەی ڕێگا توانای چارەسەری کێشەکانی چوار پارچەی هەیە، ئێوە ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە دەتوانرێت بگوترێت هۆکاری ئەمە ئەو ڕکابەرییە قوڵەیە کە لەنێوان پەژاک‌و حیزبەکانی خۆرهەڵاتدا بوونی هەیە؟

* بێگومان ئەمە چەند لایەنێکی هەیە، لەلایەک بەرژەوەندیی حیزبییە لەلایەکی دیکە بەرژەوەندیی کەسێتییە، لە چوارچێوەیەکی دیکەشدا بەرژەوەندیی چۆنێتی بیرکردنەوەو جیاوازی بیروبۆچوونە، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە دەبێت ڕەچاوی بکەین، زۆرێک لە حیزبەکانی خۆرهەڵات لەم دوو سێ ساڵەی ڕابردوودا لە قسەکانیاندا ئەگەر وردبینەوە دەبینین کاریگەریی (تێزی ئاپۆیان) پێوە دیارە، لەو چوارچێوانەدا قسە دەکەن، لەهەمانکاتدا چاوبڕین لە سەرکەوتنی باکوور ڕاستەوخۆ ئەو کاریگەرییە لەسەر پارچەکانی دیکە دادەنێ، ئەوەندە هەیە پەژاک ئێستا لە خۆرهەڵات پشتگیریی ئەو پرۆژەی کردووە لەنێو خەڵکدا هەتا لە باشووریش لەگەڵ هەر کەسێکی ڕۆشنبیردا قسە بکەیت وەکو چۆن لە باکوور خەڵکی چاوەڕێی ئەو نەخشەیە بێتەدەر ئاوهاش لە باشوور خەڵکیی چاوەڕێیە ئەو نەخشەیە بێتەدەر.

ـــتگیری ناکەن»

ـکست دەهێنێت



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

هەژارێک لێی سوودمەند نابێت».

پێشتر د.محەمەد گەزنەیی، سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، وەک پلان پێشنیازی پرۆژەیەکی لـــەوجـــۆرەی بـــۆ هـــەمـــوو پارێزگاکانی هەرێم کردبوو، بەڵام حکومەت بە بیانووی ئەوەی کە گوایە دەوڵەمەندەکان کەمنو هـــەژار زۆرە، پێشنیازەکەیان جێبەجێنەکرد، بۆیە کردنەوەی سندوقێک یاخود حسابێکی بانکیی بۆ وەرگرتنی زەکاتی سەرمایەدارەکان بە پێویست دەزانرێت.

پـــرۆژەکـــەی گـــەزنـــەیـــی پاننـاکەنەوە وەرگرتنی ئەو پارەیەش هیچ منەتێکی تێدانییە.

فـەیـسـەل عـەلـی، ئەندامی مونتەدای ئابووری کوردستان ئاماژەی بەوەکرد «ئـەوەی کە جێی پرسیارو گومانە ئەوەیە، کە ئایا هاوڵاتیان ئامادەن پارەکانی خـۆیـان بخەنە پـرۆژەیـەکـی لەوجۆرەوە».

پێشیوابوو «بەهۆی زاڵبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو پرۆژەیە شکست دەهێنێت و خـەڵـک ئامادەنییە زەکـات و سـەرفـتـرەکـەی خـۆی بداتە حکومەت، بەڵکو راستەوخۆ زەکات و سەرفترەی خۆی دەدات بەخزمەکانی خۆی چونکە لەدانی پارەکەی دلنیایە».

ئـەو شـارەزایـە بـواری ئابووری لەوبڕوایەدابوو «ئێستا خەڵک ئامادەنییە پـارەبـدات بـە حـکـومـەت، لـەبـەرئـەوە حکومەت خۆی پـارەی زۆری لەبەردەستدایەو ئێستا خەڵک خۆی گللەیی ئـەوە دەکـات کە حکومەت خۆی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵک جێبەجێناکات و کاتێک حکومەت خۆی نەتوانێت ئەوە بکات، ئیتر خەڵک چۆن متمانەی پێدەکەن کەپارەکانی خۆیان بخەنە دەست حکومەت».

فەیسەڵ عـەلـی، ئـامـاژەی بـەوەکـرد «ئـــەوەی کـە جێی پرسیارو گومانە ئەوەیە، کە ئایا هاوڵاتییان ئامادەن پارەکانی خۆیان بخەنە پرۆژەیەکی لەو جۆرەوە؟».

فـەیـسـەڵ عـەلـی، باسی لەوەشکرد، «لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئـەو پـرۆژەیـە سەرکەوتنی بـەدەسـتـهـێـنـا، ئـــەوا دەبـێـت وەزارەتی ئەوقاف خەڵک پۆلێن بکات، بۆ ئـەوەی بزانێت کێ هەژارەو پێدانی ئەو پارەیە کێ دەگرێتەوە».

ئـەوە جگە لـەوەی «دەبێت پـرۆژەکـە زۆر شەفاف بێت، چونکە ناکرێت خەڵک پارە بداتو نەزانێت ئـەو پارەیە دەچێتە گیرفانی کێوە؟».

بڕیتی بوو لـەوەی کە سەرەتا سـەرژمـێـریـیـەکـی وردی ئـەو کـەسـانـە بـکـرێـت کـە لە کوردستاندا دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوەو ئاستی هەژاریی و پێداویستییەکانی هەریەکێکیشیان تۆماربکرێت، لەهەمانکاتیشدا پێویستە ویستی دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکان بۆ پێدانی ئەو زەکاتە بزانرێتو ڕەچاوبکرێت، ئەمەش بە بۆچوونی گەزنەیی هەم سوودی بۆ هەژاران هەیە هەم بۆ خودی دەوڵەمەندەکان، «چونکە ئەوکاتە دەوڵەمەندەکان ناگەڕێن بەشوێن هـــەژارانو هەژارەکانیش دەست لەکەس

ـەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە

کاروان ڕەتیشی کردەوە، پرۆژەی ڕاکێشانی غاز بۆ مااڵن لە وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکان ڕاگیرابێت، بەڵکو پرۆژەکە قۆناغ بە قۆناغەو هێشتا هەندێک قۆناغی مـاوە کە تەواوبکرێت.

کۆمپانیای داناگاز ئەرکی سەرەکی دابینکردنی گـازی سروشتییە بۆ وێستگەکانی کارەبای هەرێم، بەاڵم ئەندازیار یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی ئەوەی بە ڕۆژنامە ڕاگەیاند: «بەپێی وتەی شارەزایان ئەو بیرە گازانەی ئێستا گازیان لێ بەرهەمدەهێنرێت، تەنیا توانای دابینکردنی سووتەمەنی ئەو وێستگە کارەباییانەیان هەیە کە لەڕێگەیەوە کارەبای هەولێرو سلێمانیان لێ ئامادە دەکرێت، بەاڵم بـۆ مەسەلەی پـــرۆژەی هاندانی بەکارهێنانی غاز بۆ مااڵن یاسین حەسەن بێئاگایی خۆی ڕاگەیاند».

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی ئەوەشی نەشاردەوە کە «جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەوجۆرە هەروا ئاسان نییەو تەنانەت ئەو وێستگە کارەباییانەش کە ئێستا هەن توانای دابینکردنی کارەبای مااڵنیان بە باشی نییە»، بەاڵم ئەگەر یەکەکانی نیشتەجێبوونی شاری گاز لە چەمچەماڵ دروستبکرێنو ئامادەکاریی تەواویان بۆ بکرێت بە دڵنیاییەوە توانای دابینکردنی گازیان زیاد دەکات.

کۆمپانیای داناگاز کاری لە بواری گەیاندنی گازی سروشتی بۆ وێستگە کارەباییەکان لە سنووری هەولێردا کردووەو بۆرییەکی بە درێژیی (١٨٠) کیلۆمەتر کە لە قادرکەرەمەوە بە چەمچەماڵدا تێدەپەڕێت بۆ وێستگە کارەباییەکانی هەولێر ڕاکێشراوەو پێشتریش پـرۆژەی دروستکردنی شاری گاز لە چەمچەماڵ بڕیاربوو دروســتـبـکـرێـت، کـــە خـــۆی لە دروستکردنی شەش هەزار یەکەی نیشتەجێبووندا دەبینێتەوە، بەاڵم ئەوپرۆژەیە تائێستا جێبەجێنەکراوە.

نەوزاد حەمید، قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ ئـــەوەی بە ڕۆژنامە وت، دوای ئەوەی بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆی لـــەگـــەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای داناگاز کردووە، لە وەاڵمدا ئەوەیان پێڕاگەیاندم کە «کارەکانیان لـە تـــەواوبـــوونـــدایـــەو ئێستا گاز گەیشتووەتە وێستگەکانی کارەبای چەمچەماڵو بە وتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش تا کۆتایی ئەمساڵ ئەو بڕە گازەی دەگاتە ئەو شوێنانە دووبـــارەبـــەر زیـــاد دەکـــاتو بۆری گازیش گەیشتووەتە وێستگەکانی چەمچەماڵو وەک تێستیشکراوە هیچ هەڵەیەک لەنێوان بۆری گازەکانو بـۆری ئاو و بـــۆری وێستگەکانی کـــارەبـــادا ڕووونـــادات و چـــاوەڕوان نـاکـرێـت کێشەیەکی لـــەوجـــۆرە ڕووبدات».

ڕۆژنامە بە پێویستیزانی زانیاری زیاتر دەربـــارەی جێبەجێکردنو گەیاندنی بـۆری غاز بۆ مـااڵن لە بەڕێوەبەری کۆمپانیای داناگاز وەربـگـرێـت، بـــەاڵم هەرچەندە پەیوەندیمان پێوەکردن، بەاڵم بە بیانووی ئـــەوەی پرۆژەکەیان لە وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانە، ئـامـادەنـــەبـــوون هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدەن.

تەنیا لەمساڵدا زیاتر لە (١) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیی تووشی وشکەساڵیی بووە

بارزان حەسەن

تەنیا لەمساڵدا (١) ملیۆنو (٣٤٤) هەزارو (٧٨٩) دۆنم زەوی کشتوکاڵیی لە هەرێمی کوردستاندا تووشی وشکەساڵیی بووە (بەپێی ئاماریکی بەشی پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان).

ئەنوەر عومەر، بـەڕێـوەبـەری پلاندانان لە وەزارەتـــی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەمسالیش کوردستان ڕووبـــەڕووی وشکەساڵیی بـــووەتـــەوەو بۆ چـــارەســـەری ئـــەوەش بەنیازن (٣٠) هـــەزار تەن گەنم لە دەرەوەو لە وڵاتانی بیانی بکڕن، ئەوەش بۆ قەرەبووی ئەو جوتیارانەی بەهۆی وشکەساڵییەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەوەشی خستەڕوو کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و پارێزگاری شارەکان بە تەنکەری ئاو و هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی لە گـونـدەکـانو شوێنە دوورە دەستەکان ڕووبەڕووی گرفتەکە دەبنەوە.

پلانەکان چێبەجێدەکرێن؟

جگە لەو وشکەساڵییەی ساڵانی ڕابردوو هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر کەمبوونەوەی بـەروبـوومـی جـوتـیـاران، بەڕەمی ناوخۆ بەهۆی کەمیی هاوکاریی حکومەتو نەبوونی ئامادەسازییەوە بەشێوەیەک کەمبووەتەوە، کە زۆربەی خۆراکەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن.

ئەنوەر عومەر، نکۆلیی لە کەمیی بەروبوومی کشتوکاڵیی ناکات لە هەرێمدا، ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەو هۆیەوە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا پلانێکی ستراتیژیی داڕێـژراوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕاگەیەنرا، «بەهیوای ئەوەی بتوانرێت کوردستان لەو قەیرانە کشتوکاڵییە ڕزگاری ببێتو ئاستی بەرهەمی ناوخۆی هەرێم بەرز بکرێتەوە».

هەروەک ڕوونیدەکاتەوە، کە پلانیان داناوەو هەوڵدراوە بەروبوومی بەرهەمهاتوو زیادبکەن، بەشێوەیەک کە ڕێژەی بەرهەمی گەنم لە (٣٠٠) هەزار تەن بۆ ساڵانی داهاتوو تا (٥٠٠) هەزار تەن بەرزبکرێتەوە، سەوزە لە (٢٤٠) هەزار تەن بۆ (٦٦٠) هەزار تەن بەرزبکرێتەوە، میوە لە (٥٥) هەزار تەن بۆ (٧٥) هەزار تەن بەرزبکرێتەوە، مریشک لە (٢٦) هەزار تەن بۆ (٩٨) هەزار تەن بەرزبکرێتەوەو هێلکە لە (٣٣٣) ملیۆن دانەوە بۆ (٦٤٦) ملیۆن بەرزبکرێتەوە، گۆشتی حەیوان لە (١٠٠) هـــەزار تەن بۆ (٢٠٠) هـــەزار تەن بەرزبکرێتەوەو ماسی لە (٨٠٠) تەن بۆ (٦,٧٠٠) تەن بەرزبکرێتەوەو هەنگوین لە (٨٢٨) تەن بۆ (١٢٠٠) تەن بەرزبکرێتەوە».

دەرچووەکانی کشتوکاڵ چ خزمەتێک دەکەن؟

سەرباری کردنەوەی دەیان کۆلێژو پەیمانگەی تایبەتمەند بە کشتوکاڵ لە زانکۆو پەیمانگەکان لە چەند ساڵی ڕابـردووەدا، بەاڵم تائێستا وەک پێویست سوود لە پسپۆڕیی دەرچووانی ئەو بەشانە وەرنەگیراوەو نەتوانراوە لەڕێی ئەوانەوە بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکرێت.

بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم، نکۆلیی لەبوونی ئەو گرفتە ناکاتو بە پێویستی دەزانێت هەماهەنگی هەبێت لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی کشتوکاڵ، «بۆ ئەوەی ڕێژەکان چەند پێوستن ئەوەندە لەو بەشانە وەربگیرێن، چگەلەوە ئێمە پێمانباشە کۆڕی جوتیارو ئاژەڵدار لەو بەشانە وەربگیرێنو پسپۆڕیی بەدەستبێنن، چونکە ئەوانە مالیان لەلادێیەو دەتوانن کاری بەرهەمهێنان بکەن، بەاڵم ئەوانەی خەڵکی شارەکانن شارەزاییو شوێنی گونجاویان نییەو بەشێکیان نازانن جوتیاریی چییە».

ئـەنـوەر عـومـەر باسی لـەوەشـکـرد، کە دەرچـــووی بەشی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ پرۆژەیان بۆ دەکرێتو چەند دۆنمێک زەوی و شەتڵو قەرزی بانکی کشتوکاڵیشیان پێدەدرێت، وتیشی: «بـڕی (٥٠) هـــەزار دۆلاریشیان پێدەدرێت ئەگەر بیانەوێت پرۆژەی کشتوکاڵیی بکەن، بەاڵم ئەمساڵ تاقیمانکردەوەو بۆ (١٥) کەس لە قوتابیانی دەرچووی ساڵی ڕابردوو لە شارەکانی سلێمانی، هەولێرو دهۆک کە ئامادەباشیی خۆیان نیشانداو هەر قوتابییەک خانووی پلاستیکیو کەلوپەلی پێویستیان بۆ دابینکرا، بەاڵم تەنیا ٣ کەسیان سەرکەوتوو بوون».

بەروبوومی هاوردە بەروبوومی خۆماڵیی پەکدەخات

هەرچەندە لە کوردستاندا یاسای پاراستنی بەروبوومی خۆماڵیی هەیە، کە بەپێی ئەو یاسایە ڕێگە بەهاتنە نـاوەوەی بەروبوومی دەرەکی دەدرێت تا ئەو کاتەی بەرهەمی ناوخۆ پێدەگات، ئەنوەر عومەر ئەوەش دەخاتەڕوو؛ تا بتوانن بەروبوومە خۆماڵییەکان لەناو هەرێم ساغ دەکەنەوەو ڕێگە نادەن بەرهەمی دەرەکی بێتە ناوەوە.

بەاڵم ئەوەی تێبینی دەکرێت هاوردەکردنی ڕێژەیەکی بەرچاوی خـۆراکـو بەروبوومی کشتوکاڵییە بـۆ شـــارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەشێوەیەک کە زۆرترین ئەو خۆراکە کشتوکاڵییانەی لەلایەن هاوڵاتییانەوە لە بازارەکانەوە دەکـڕدرێـتو بەکاردێت لە دەرەوەی وڵاتەوە هاوردە دەکرێن.



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

«مامۆستایانی ئایینی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان پشـــ

پرۆژەی وەرگرتنی زەکاتو سەرفترە شـــ



محەمەد سالح حەمەلاو

وەزارەتـــی ئـەوقـاف پێشنیازی کـــردووە، سـالانـە پـــارەی زەکـــاتو سەرفترە لە هاوڵاتیان وەربگیرێتو دواتر بەپێی مەرجو ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام بدرێتەوە بە هاوڵاتیانی هەژارو کـەمـدەرامـەتـو شارەزایەکی بـواری ئابووریش پێبوایە؛ بەهۆی زاڵبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پرۆژەکە شکست دەهێنێت.

پـــرۆژەی کۆکردنەوەی زەکـاتو سەرفترە پێکدێت لەوەی، سالانە پارەی زەکاتو سەرفترەی کوردستان لە ڕێگەی ژمارەیەکی بانکییەوە کۆبکرێتەوەو دواتر لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی ئەوقافو وەزارەتی دارایی‌و شارەزایانی بواری دارایی‌و یاسایی‌و ئایینییەوە ئەو پارەیە بەپێی مەرجو ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام بدرێتەوە بە خەڵکانی هەژارو دەستکورتو کەمدەرامەتی موسڵمان.

مـەریـوان نەقشبەندی، وتەبێژو لێپرسراوی ڕاگەیاندنی وەزارەتـی ئەوقافو کاروباری ئایینی ئاماژەی بەوە کرد، ماوەیەکە پرۆژەی کۆکردنەوەی زەکـاتو سەرفترە تاوتوێ دەکەنو چەندین کۆبوونەوەو وۆرک شۆپیان لەسەر کـردووە، بەڵام ئـەوەی ئەوان تائێستا کردوویانە تەنیا وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی لایەنی شەرعی‌و یاسایی‌و شارەزایانی بواریی دارایی‌و زۆربەی ئـەو لایەنانەش بوونی پرۆژەیەکی لەو جۆرەیان پێباشە بۆ بنبڕکردنی هەژاریی لە وڵاتدا.

وتیشی: «ئێمە تائێستا دڵنیانین لەوەی کە هاوڵاتیان چۆن بەدەنگ ئەو پرۆژەیەوە دێن».

بەپێی ئەو لێدوانانەی کە لەسااڵی (٢٠٠٦)دا عەبدوڵڵای حاجی سەعید، یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانیی، بە کەناڵەکانی ڕاگەیاند، لە شاری سلێمانیدا دەیان سەرمایەدار هەن کە ملیاردێرن بە (دۆلار)و سەدان ملیۆنێریشی تێدایە، لە هەمانکاتدا بەگوێرەی چەند ئاماڕێک (٤٣) هەزار کـەس لـە کـوردسـتـانـدا هـاوکـاریـی «هەژارانە» لە حکومەت وەردەگرن، کە تەنیا (٣٠) هەزار دیناری مانگانەیە.

نەقشبەندی پێیوایە «لەبەر چەند هـۆکـارێـک چـاوەڕوانـدەکـرێـت ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو نەبێت، لەوانە پشتگیریی نەکردنی مامۆستایانی ئایینی، چونکە ئەو بۆچوونی وایە؛ ئەو زەکاتو سەرفترەیەی سالانە لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەدرێت بە مامۆستای مزگەوتەکان، بەشی زۆری بۆ خودی مامۆستایانی ئایینی خۆیان دەبێت بۆیە چاوەڕوان ناکرێت زۆربەی مامۆستایانی ئایینی پشتگیریی ئەو پرۆژەیە بکەن».

وتیشی: «نەبوونی متمانەی هاوڵاتیان بە پرۆژەکە، هۆکاری دووەمی شکستی پرۆژەکەیە، چونکە ئێستا بەرپرسانی کوردستانیش ئامادەنین پارەکانی خۆیان لە بانکەکانی کوردستان دابنێن، ئیتر چۆن چاوەڕواندەکرێت خەڵکانێکی هـەژار پارەکانیان لە بانکێکی وادا دابنێن» هەربۆیە ئەو پرۆژەیە ئێستا لە سەرەتادایەو هەوڵێکی زۆریشی دەوێت.

ڕۆژی (٢٧)ی ئەم مانگە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردو تێیدا داوای بۆچوونی سـەرۆکـایـەتـی ئـەنـجـومـەن دەکـات دەربـارەی پێکهێنانو دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەک یان دەزگایەک بۆ وەرگرتنی زەکاتو سەرفترە لە هەرێمی کوردستان.

وتەبێژی وەزارەتـی ئەوقاف باسی لەوەکرد کە «قەناعەتپێکردنی هاوڵاتیان شتێکی ئاسان نییەو پێویستی بە یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، کە خەڵک هۆشیار بکەنەوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکەدا».

نەقشبەندی پێشیوابوو: «بەشێک لەو ڕێکخراوانەو تەنانەت وەزارەتـی ئەوقافیش هەڵوێستی باشیان لە بەرامبەر پرۆژەکەدا نیشان نەداوە، چونکە ئەوان پێیانوایە؛ ئەوە لێسەندنەوەی کاری ئەوانە».

پرۆژەی وەرگرتنی زەکاتو سەرفترە کە پێدەچێت بودجەکەی لە بودجەی ژمارەیەک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم زیاتربێت، هەر بۆیە پێویستی بە بەڕێوەبەرێتییەک یاخود دەزگایەک هەیە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە بچێت.

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژە بەوە دەکات، ئەوان بەلایانەوە گرنگ نییە وەزارەتـی ئەوقاف سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات یان نا، بەڵکو ئەوەی بەلایانەوە گرنگە ئەوەیە، کە پرۆژەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە،

ئێستا چەندین ڕێکخراو و دەزگای خێرخوازیی وەک دەزگـای نانەکەلی بۆ خێرخوازییو دەزگای خێرخوازیی حاجی یەحیاو کۆمەڵەی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی زەکـات لە کوردستاندا بوونیان هـەیـەو ئـەوان پێیانوایە؛ سەرپەرشتیکردنی ئەو پرۆژەیە مافی دەزگـاو ڕێکخراوەکانی ئـەوانـە، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتـی ئەوقافیان ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام نەقشبەندی ئـامـاژە بـــەوە دەکـــات، هـەرچـەنـدە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە دەکرێت سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکە بدرێتە ئەو ڕێکخراوانە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: لایەنی حکومیی ئامادەنین بەڕپرسیارێتی ئەو پرۆژەیە بدەنە ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە خێرخوازیانەو ئابووریناسانیش هەمان بۆچوونیان هەیە.

بەپێی زانیارییەکان سالانە دەیان دەوڵـەمـەنـدو خەڵکانی خێرخواز لە سلێمانی ئامادەییان تێدایە پارەیەکی لە ڕادەبەدەر بخەنە بواری خێرخوازییەوە، بەڵام ئەگەر بکرێت ئەو پارانە بخرێنە بواری کارکردنەوە ڕەنگە سالانە ملیۆنان دۆلار سوودی هەبێتو دواتر لە پرۆژەی خێرخوازیی دیکەدا بەگەڕ بخرێتەوەو خەڵکانی هـەژارو دەستکورتیش لێی سوود مەندبن.

هیوا میرزا، ئەندامی لیژنەی دارایی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان وروژانـدنـی دانـانـی سندوقێک بۆ وەرگرتنی زەکات لە دەوڵەمەندەکان لە پەرلەمان بە پێویست دەزانێت بۆ ئـەوەی ببێت بە پـرۆژەیـەک کە ڕاستەوخۆ حکومەت چاودێریی بکات، بە جۆرێک نەهێڵرێت هیچ دەوڵەمەندێک کەمتەرخەمیی بکات لەدانی ئەوپارەیە، ئـەوەش بـەوەدەبـێـت کـە حکومەت بەدواداچوونی جدیی بکاتو سەرجەم ئـەو دەوڵـەمـەنـدو سـەرمـایـەدارانـە دیاریبکات کە زەکاتیان لەسەرە، میرزا پێشی وابوو «حکومەت کەمتەرخەمە بەرامبەر بەفیڕۆچوونی ملیۆنەها دۆلاری دەوڵەمەندەکانی هەرێم کە هیچ

تـائێستاش پرۆژەی ڕاکێشانی غاز بۆ ماڵان، نـــ



ستارە عارف

هەرچەندە یەکێک لە گرێبەستەکانی کۆمپانیای داناگاز لەگەڵ حکومەتی هەرێم دروستکردنی شاری گازو ڕاکێشانی پرۆژەی غازە بۆ ماڵان، بەڵام تائێستا هیچکام لەو پرۆژانە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بەرپرسانی کۆمپانیاکەش بە پاساوی ئـەوەی «پـرۆژەکـە لە وەزارەتـی سەرچاوە سروشتییەکانە» خۆیان لە پرۆژەکان دەدزنەوەو بەرپرسانی هەرێمیش بێئاگایی خۆیان لەو بارەیەوە ڕادەگەیەنن.

کۆمپانیای داناگاز کە لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا کردووەو لە گرێبەستەکەدا پرۆژەی دروستکردنی شاری گاز، کە (٦) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت، بریاربوو لە قەزای چەمچەماڵ دروستی بکاتو پرۆژەی هاندانی بەکارهێنانی گازی سروشتیش لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەکرێتە پـرۆژە، بەڵام تائێستا هیچکام لەو پرۆژانە نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بەرپرسانیش بێئاگایی خۆیان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کۆمپانیای داناگاز ڕادەگەیەنن.

دانا عەبدولکەریم، بەرپرسی پرۆژەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوان ئاگاداری ئەو پرۆژەیە نینو تائێستا ئـەوان لە چۆنێتی جێبەجێکردنی پـرۆژەکـەو گەیاندنی بـۆری گاز بە ماڵەکان ئاگادار نەکراونەتەوەو وەک پارێزگا هیچ زانیارییەکیان لەوبارەیەوە پێڕانەگەیەنراوە»، وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سامانە سروشتییەکانی وەک عێراق کە وەک زۆرجار گوێبیستی دەبین وڵاتێکە لەسەر بیرێک نەوت، بەڵام جگەلەوەی داهـاتـەکـەی بۆ دانیشتوانەکەی نەبووە، نەتوانراوە وەک پێویست سوود لە سامانەکەشی وەربگیرێت زۆرجار هاوڵاتییەک عەودالّ بووە بە شوێن چەند لیترێک نەوت یان بتلێک غاز، بەڵام هەرچەندە ئەوەزانراوە کە حکومەتی هەرێم لە بەرنامەیدایە پرۆژەی ڕاکێشانی غاز بۆ ماڵان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان بێئاگان لەکاتو چۆنێتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

کاروان جەمال تاهیر، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو «ئەو پرۆژەیە لە سەرەتاوە وەک ماستەرپلانو هاندانی بەکارهێنانی گازی سروشتی لە ماڵاندا گفتوگۆی لەسەرکراوەو قۆناغی یەکەمی دابینکردنی گازە بۆ وێستگە کارەباییەکانی هەرێم، بەڵام قۆناغی دووەمی بریتییە لە دابینکردنی گاز بۆ ماڵانو ئەوەش تەنیا گفتوگۆی لەسەرکراوە، بەڵام هێشتا نەچووەتە ئەنجومەنی وەزیـرانو ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدراوە».

وتیشی: «لە سەرەتای هاتنی کۆمپانیای داناگاز بۆ هەرێمی کوردستان، یەکێک لەو بەرپرسیارێتییەی پێی سپێردرا ئامادەکردنو بوژاندنەوەی ماستەرپلانی هاندانی بەکارهێنانی گـازی سروشتییە لە هەرێمی کوردستانداو ماستەرپلانی پرۆژەکەش یەکێکەلەوگرێبەستانەی کە کۆمپانیای داناگاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئەنجامیداوە، ئێستاش ماستەرپلانەکە تەواوبووەو تەنیا قۆناغی دووەمی ماوە کە گەیاندنی غازە بۆ ماڵان».

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشیوابوو، سەرەتا لەوانەیە لە وێستگەی کـۆرمـۆر کە دەکـەوێـتـە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕاکێشانی غاز تاقیبکرێتەوە، ئەگەر سەرکەوتووبوو پرۆژەکە بچێتە ئەنجومەنی وەزیـرانو لەوێ بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی بدرێت، بەڵام هێشتا پرۆژەکە نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە، چونکە وێستگە کارەباییەکانی تەواونەبووەو پێدەچێت بەم نزیکانە تەواوبێتو قۆناغەکانی دیکەش دەستپێبکات.



لە کوردستاندا چ باسە؟؟

سەردار قادر

لـــەدوای هـــەڵبـــژاردنـــی پەرلەمانی کوردستانو دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی، چەندەها بابەتی جیاواز کەوتووەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە، کامە رۆژنامەو کامە کەناڵی میدیا هەیە باس لە رەوتی هەڵبژاردنو دەرئەنجامەکانی نەکات؟ شەقامی کوردیش بە رامانەوە چاوەڕێیە کە پەرلەمانو حکومەتی داهاتوو چی دەکەن بەرامبەر بەڵێنەکان، چی دەکەن بۆ خزمەتگوزاریی؟ ئۆپۆزسیۆن چی دەکات و بەرنامەکەی جێبەجێدەکات؟

ئەم زەمەنە زەمەنی فەنابوونی چەمکەکانی پێشووەو سەردەمی سەرهەڵدانی چەمکی نوێیە!!

ئەم وڵاتە بووەتە شوێنگەی کاڵبوونەوەی پرەنسیپەکانو رەوگـــەی لەدایکبوونی پرەنسیپی نوێیە!!

ئەم دەڤەرە رەهایی دەسەڵاتی سەرکردەی یەکەم کەمدەکاتەوەو بریارەکانو داهاتیان دەخاتە بەر پرسیار!!

ئـــەم شـــارە بەرامبەر زوڵملێکردنی دەوەستێتو جەخت لەو چەمکە دەکاتەوە کە شارێک دەتوانێت رۆڵی گەورە ببینێت لە گۆڕینی سیستمی سیاسی وڵاتێکدا!!!

ئـــەم حـــیـزبو ئـــەو حـیـزب بـــە خـــۆدا دەچنەوەو گوتارەکانیان دەستکاریی دەکەنو دەموچاوەکان دەگـــۆڕنو مژدەی گۆڕینی دەموچاوە بێزراوەکان دەبەخشنەوە!!

دێوجامەی کاریزمای سەرکردەکان کـــاڵدەبـــێـتـــەوەو ئەوانیش وەک مرۆڤە ئاساییەکان دەکرێت لەسەر هەڵەکانیان پرسیار بکرێت!!

لە ناوەخنی رەوتـــی نـــوێـدا دەکرێت رەوتێکی نوێ دروستبێت کە باس لە گۆڕان لە گۆڕاندا بکاتو دەروازەی گەورە دەبێت بۆ دەرچوون لە ناکۆکی نێوان تەکەتوولەکان!

میدیای ئـازاد کە سالانێکە بـەدەر لە ویستی خۆی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینێت لەمەودوا ببێتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن!!

پێش (٧/٢٥) :

دەوترا ئەم رەوتە نوێیە لە (٥) کورسی زیاتر ناهێنێتو ئەوە سەرەتای شکستە بۆ گۆڕان!! وا دەرنەچوو!!

دەوتـــرا ئـــەم رەوتـــە نوێیە دەســـەڵات دەگـــرێـتـــەدەســـتـو مـاڵئاوایی لە لیستی کوردستانی دەکرێت!! وا دەرنەچوو!!

دەوتـــرا وەیشومەیەکی نێوان براکان بـــەرێـــوەیـــە، شـەقامی کـــوردی رێگەی بەوەنەدا!!

دەوتراو دەوترا!!!!

دوای (٧/٢٥):

لیستی گـــۆڕان (٢٥) کورسی هێناو بووە ئۆپۆزسیۆنو خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو!!

لیستی کوردستانی (٥٩) کورسی بە دەستهانیو خەریکی حکومەت پێکهێنانە!!

شکستی یەکێتی لە ناوچەی قەڵەمرەویدا، کۆمەڵێک پرۆسەی گرتووەتەخۆ لەوانە: نانبڕین، دەرکـردن، گواستنەوە، گۆڕینی بەرپرسەکان، خۆئامادەکردن بۆ پلینیۆم

سەرۆکی لیستی گۆڕان خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەرکە هەنووکەییەکانو ناچێتە پەرلەمان، ئیتر قەڵەمەکانی دەربار کەوتنە خۆ بۆ پێدانی هەرچی تاوانە!! قەڵەمێکی ئەو لیستەش ورتەیەکی نەوت!!

رەوتی ریفۆرم بە ماڵی یەکێتی دەڵێت: ئەوە سنووری دەسەڵاتی ئێمەیە کە دەنگتان ناداتێ، ئەوان قسە لەسەر مولکیەتی یەکێتی دەکەنو دادگا دەهێننە زمان!! جا نازانرێت یەکێتی بەرەو ماڵی نوێی ریفۆرم دەڕواتو بزووتنەوەی گۆڕان دەبێتە ماڵی هەمووان یان ریفۆرم بەرەو ماڵی دوێنێ دەگەڕێتەوەو خۆی دەبێتە خاوەن ماڵ؟؟

داهاتوو چی بۆ حەشارداوین؟

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

گوتارێک هەیە کە باس لەوەدەکات کە کورد پێویستە لەگەڵ ناوەندا وەکیەک هاوپەیمانی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات کە بەمەش یەکڕیزیی ماڵی کوردی دەپارێزرێتو کێشەکانمان لەگەڵ ناوەندا رێگەچارەی بۆ دەدۆزرێتەوە!!

ئەوەی دەبێتە پرسیار؟

چۆن دەکرێت لە هەرێمدا لیستی جیاواز بینو لەوێ یەک کوالیسیۆن بین؟؟

چۆن دەکرێت لیرە فەنای یەکتری بکەینو لەوێ یەکتری تەواو بکەین؟؟

چۆن دەکرێت لیرە تۆمەت بدەینە پاڵیەکو لەوێ مەدحو سەنا؟

چۆن دەکرێت لیرە بەرنامەی جیاوازو لەوێ یەک بەرنامەی هاوبەش؟

چۆن دەکرێت لیرە بەیتولمالمان جیاوازو لەوێ خەزنەمان یەکبێت؟

چۆن دەکرێت لیرە ئۆپۆزسیۆنو لەوێ بەشداریی حوکم بین؟

گوتارێکی دیکە هەیە کە باس لەوەدەکات، دەکـرێـت بە لیستی جـیـاواز دابـەزینـو هێزو تـوانـای خۆمان لـەو سەحنەشدا تاقیبکەینەوە، بەڵام دەرگـای هاوپەیمانی دروستکردن دانەخرێت لەدوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەوکات لەسەر ئاستی بەرنامەو بەرنامەی هاوبەش دەکرێت هاوپەیمانی دروستبکرێت!!

ئەوەی دەبێتە پرسیار:

بۆ نابێت پێش هەڵبژاردن، بەرنامەی هاوبەش وامان لێبکات کە هاوپەیمانی پێش هەڵبژاردن دروستبکەین؟

بـــۆ نابێت ئامانجە ستراتیژەکان کۆمانبکاتەوەو بەرنامەکان دەرهەق بە(١٤٠)ی دەستوورو هێزی پێشمەرگەو یاسای نەوتو غازو بودجەی هەرێمو قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتی کـوردو بەشداریی دەســـەڵات، بمانکاتە یەک تەکەتوولی هەڵبژاردن؟

بۆ نابێت لێ تێگەیشتنمان لە ناوەند بێتە هۆکار بۆ کاڵبوونەوەی لێ تێنەگەیشتنمان لێرە؟؟؟

یۆتۆبیا یان ئەگەرێکی نوێ :

هـــەر تاکێک بـــە پەیوەستبوون بە قۆناغەکانی ژیانی لە ناوەختی هزرو خۆزگەو هەستیدا هەمیشە خاوەنی یۆتۆبیایەکە، ئەم یۆتۆبیایەی تاکەکان بە دەرئەنجام دەبێتە یۆتۆبیایەک بۆ کۆمەڵو گروپو دەستەکان...

خەیاڵی منداڵێک گەیشتنە بە یارییەک لەهەمانکاتدا خەیاڵی منداڵانی گـەڕەکو شارەکە بەبێ ئاگاداربوون لە یەکتری هەمان خەیاڵبوونی هەیە، ئەو خەیاڵە وابەست بەو تەمەنەوە دەبێتە یۆتۆبیای هەموو منداڵانو دەکرێت خۆزگەو حەزەکان لای هەمووان وەکیەک بێتو هەمیشە ناکۆکی نێوان منو بەرزە من لەدایکبوونی یۆتۆبیایەک بێت.

گەنجێک کە تـازە هەست بە جوانی بەرامبەر دەکاتو مەودای عەشق گوزەر دەکات بە دڵو رۆحو هەستو جەستەدا، دەبێتە یۆتۆبیایەک کە ئامانجەکەی گەیشتنە بە بەرامبەرو کپبوونەوەی حەزو غەریزەیە، بەبێ ئاگابوون لە یەکتری گەنجی گەڕەکو کـــۆڵانو شـــار هەموو خـــاوەنـــی هەمان یۆتۆبیانو دەبنە خاوەنی ئەو خەمە!!

کە بـــاڵای تەمەن ســـەردەکـــەوێـتو ئـــازادیـــی تـــاکـــەکـــەس و رۆڵـــی عەقڵ بەرفراوان دەبێت، ئیتر یۆتۆبیای گەیشتنە ئازادییەکان دەبێتە هزرو لە تاکەوە دەبێتە هـــزری دەستەجەمعی، ئەمە سەرەتا دەبێت بۆ دروستبوونی چەمکێکی نوێ، کە جوغرافیای وڵاتو زمانی هاوبەشو باری دەروونی هاوبەشی نێوان تاکەکان دروستدەبێت، ئەو گەلە دەبێتە خاوەن یۆتۆبیایەک کە ئەویش گەیشتنە بە دەوڵـــەتـــی نـــەتـــەوەیـــی، هەرچەند ئەو یۆتۆبیایە دەبێتە دروشـــمو خەباتی بۆ دەکرێت، بەڵام لە زیهنیەتی تاکەکاندا زیاتر وەک یۆتۆبیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کاتێک لە وڵاتەکەماندا دەسەڵاتی کوردی کاردەکاتو بە ویستی پارتی دەسەڵاتدار پرۆسەی سیاسیی وڵات دەبڕێت بەڕێوە، هەر رەتکردنەوەیەکی ئەو بارودۆخە، سەرەتا وەک یۆتۆبیایەک دەردەکەوێتو دواتر لەگەڵ دروستبوونی رایەڵە لەنێوان یۆتۆبیاکان، دەکرێت رەتکردنەوەکە ببێتە بیری باوو بەربڵاوو بکەوێتە پرۆسەی کارکردنەوە. ئەم لێکدانەوە بۆ ئەوەیە کە بارودۆخی نوێ ناکرێت قەتیسبکرێت لەنێو یۆتۆبیادا، بەڵکو دەکرێت ئەگەرێک بێتو ئەگەری روودانی هەبێت، ئەگەرێک بێت کە نە هێڵی ســـوورو نە بیری باو ناتوانێت رایبگرێت، ئەگەرێکە کە پلانی ناو کۆبوونەوەی ژووری داخراوەکان ناتوانێت رێگەی لێبگرێت، ئەگەرێکە کە شاری بێ گرفتەکان هەرچەند یۆتۆبیایە لای هەر تاکێک، بەڵام ئەگەرێکە ئەگەری روودانی هەیە.



ئەگەر گۆڕان ببێتە حیزب شکست دەهێنێت!

ستیڤان شەمزینانی

لێرەو لەوێ باس لەوە دەکرێت لیستی گـۆڕان بەنیازە دوای سەرکەوتنەکانی لەسەر ئاستی سیاسییو لە هەڵبژاردندا وەک پارتێکی سیاسیی خۆی رابگەیەنێتو بەشداریی لە ژیانی رامیاریی وڵاتدا بکات.

تائێستاش بە فەرمیی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشەو سەرکردەکانی گۆڕان هیچ لێدوانێکیان نـەداوە، بیسەلمێنێت بزووتنەوەکە دەبێتە حیزب یان نا، بەڵام وەرچەرخانی گۆڕان لە بزووتنەوەیەکی فرە پێکهاتەوە بۆ قاڵبی حیزبێکی دیاریکراو، لە یەکێک لە رەهەندەکانیدا بچووککردنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانو بەرتەسککردنەوەی پێکهاتەکانی بزووتنەوەکەیە، کە ئێستا لە چەپو نەتەوەییەوە بەشدارن تیایدا تاکو دیموکراتخوازو لیبراڵو خەڵکی ئایینیی.

من وا بیر دەکەمەوە وەرچەرخانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارتێکی سیاسیی دیسان دووبارەکردنەوەی هەمان قەوانی سواوی حیزبایەتییە لە کوردستان، چونکە حیزبی کوردیی جیا لـەوەی تەجاوزی ئاوەزی خێڵی نەکردووە، لە هەمانکاتدا دەزگایەکی بیرۆکراسییو چەپێنەرە، کە هیچ گوێ بە ویستو روانینی هێزی خـوارەوەی حیزب نـادات، چوون ئەوی دەسەڵاتی هەیە تەنیا هەر ئەندامانی پایە بڵندی هەرەمەکەن، لەناو ئەوانیشدا بنەماڵەیەک یـان تاکە کەسێک هەیە بریارەکانی وەک ئایەتی قورئان وایەو قابیلی هیچ جۆرە گفتوگۆو رەتکردنەوەیەک نییە، ئەگەر بزووتنەوەی گـۆڕان لەم قۆرمەی ئێستاوە بەرەو حیزبێکی سیاسیی هەنگاو هەڵگرێت، مانای وایە جارێکی دیکە ئەزموونی یەکێتیی دووبارە دەکاتەوەو لە باشترین حاڵەتدا رەنگە لە یەکێتیی زۆر جیاوازترو سەنگینتر نەبێت.

دروستکردنی پـــارتـو پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو بارەگاو هێزی چەکدارو ئیدارەو رێکخراوی جەماوەریی پـاشـکـۆو هـــەمـــوو ئـــەو رۆتـیـنـانـەی حیزبی کـوردیـی هەیەتی، گۆڕانیش لە بزووتنەوەیەکی چاکسازیخوازو گـــۆڕانـــخـــوازەوە دەکـــات بـــە پارتیو یەکێتییو هەموو جیاوازییەکی نێوانیان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەسڕێتەوە، ئەگەر گۆڕان جارێکی دیکە لە کەشی ئەمڕۆی کوردستاندا حیزبێک رابگەیەنێت، بێگومانم ناتوانێت بە پلەیەکی زۆر جیاواز بێت لەو ژمارە گەلەی حیزبی سیاسیی کە ئێستا لە کوردستاندا بە ئایدیۆلۆژیاو دیتنی لە یەکتر دوورەوە کار دەکـەن، چونکە سەرباری جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان لە نێوان هێزێکی راستڕەوو یەکێکی چەپ، بەڵام لە مومارسەی دەسەڵاتو لە حساب نەکردن بۆ خوارەوەی حیزبو کۆنترۆڵی داهات جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینیتەوە.

ئەگەر گۆڕان خۆیی و جەماوەرەکەی دابەش بکات بەسەر سەرەوەی حیزبو خـــوارەوەداو هەستێت بە هەڵبژاردنی یەک گوتاری دیاریکراو بۆ حیزبەکە، ئەوە لە قۆناغی یەکەمدا بەشێکی زۆر لەو جەماوەرەی خۆی لە دەستدەداتو لە پاشانیش پێکهاتەکانی دیکە لە نەتەوەییو خەڵکانی ئەکادیمیو چەپ، هیچ هۆیەک نابینێتەوە بۆ درێژدەدان بە چالاکییان لەگەڵ گۆڕاندا، ئەو کاتە ئەوانیش دێنە دەرەوە، بەمەش حیزبە نوێیەکە تا رادەیەکی زۆر لاوازدەبێتو بە لایەنی زۆرەوە نیوەی جەماوەری ئێستای بۆ دەمێنێتەوە، چوون ئەوسا دەبێتە حیزبی بەدیلی یەکێتی یان بە زمانێکی دیکە دەبێتە سەکۆی کۆکردنەوەی ئەندامە تۆراوەکانی یەکێتیی لە بۆتەی پارتێکی سیاسیی تازەدا نەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرین، کە گوزارشت لە ناخی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی بکات.

ئەگەرچی هەتا ئێستاش رووانینێک هەیە لە ئاستی دەستەبژێری رۆشنبیریی و نـــەوەی نـــوێو تـــەنـــانـــەت شەقامیش دەربـــارەی حیزب، کە حیزب بوونێکی نەرێنیی هەیە لە کۆمەڵداو بە شێوەیەک لێی دەسڵەمێنەوەو نایانەوێت بە هیچ جۆرێک حیزبایەتی بکەن، بەڵام ئەم دیتنە لای ئێمە رەفز کراوەو کاتێکیش دەڵێین؛ پێویست ناکات گـۆڕان ببێتە حیزب، مەبەستمانە ئەو بزووتنەوەیە ماهیەتی راستەقینەی لە دەســتـنـەدات و خۆی بچووک نەکاتەوە لە بۆتەی حیزبێکدا، ئەگەرنا ئێمەومانان لە بەرامبەر ئەو تێزەی پێیوایە خەڵک حەزی لە حیزبایەتی نەماوە، خەباتمان کـردووەو وتوومانە حیزب شۆڕبای برنج نییە خەڵک حەزی لێی نەبێت، بەڵکو حیزب پێویستییەکی مودێرنی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەیەو حیزب ئامرازێکی هاوچەرخانەی خەباتی سیاسییەو بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی نۆرماڵ بە یەکێک لەپێویستییە پلە یەکەکان دێتە ئەژمار.

لەبەر ئەمە لەو کاتەی دەڵێین حیزب پێویستەو نابێت داوای کۆمەڵگەیەکی ناحیزبی بکەین، ئـەوەش زیاد دەکەین تا ئەو کاتەی بارودۆخی کوردستان بۆ سەرهەڵدانی حیزبی مودێرن دەڕەخسێت، نەک حیزبی مۆدیل کۆنیی ستالینستیو تۆتالیتێریی، گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی جەماوەریی و بزووتنەوەیەکی گۆڕانکاریخوازو داکۆکیکار لە مافی تاکو کۆ بمێنێتەوە، هەر ساتێک زانرا بەستێنی کوردستان بایی ئەوەیە حیزبی سیاسیی مودێرنی چەشنی حیزبەکانی رۆژئاوای

چەند گوشارەکانی دەسەڵات زۆرتر بن، چەند پرۆپاگەندەو چەواشەکارییەکان بە تینتر بن، چەند هەڵمەتی نانبڕینو لە کار دەرکردن خێراتربن، دڵنیام گۆڕان لەبری ئەوەی پاشەکشە بکات بۆ دواوە یان لەڕووی جەماوەرییەوە لاواز ببێت، بەهێزتر دەبێتو رۆژ لە دوای رۆژێش جەماوەری بەرینتر دەبێت و دەبێتە وە

تێدا دروست بکرێت، ئەگەر گۆڕان نەبێتە حیزبێکی سیاسیی گومان هەڵناگرێت بەرەو شکستێکی گەورە دەڕوات و نابێت چاوی لە سەرکەوتن بێت.

ئەگەر قسەکانمان لە چەند دێڕێکدا چڕ بکەینەوە: لەم قۆناغەی هەنووکەدا گۆڕینی شێوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەوە بۆ پارتێکی سیاسیی زیانێکی گەورەیە هەم بەر گـۆڕان خۆی دەکەوێتو هەم بەر جەماوەری خەڵک دەکەوێت، کە چاوەڕێی کاری گەورەو هەڵگرتنی هەنگاوی مەزن لە بزووتنەوەکە دەکەن.

پێموایە لەم چرکەساتانەدا چەند گوشارەکانی دەســـەڵات زۆرتـــر بن، چەند پرۆپاگەندەو چەواشەکارییەکان بە تینتر بن، چەند هەڵمەتی نانبڕینو لە کار دەرکردن خێراتربن، چەند پارتیو یەکێتیی بەم چەکە ژەنگاوییانەی نووکە دژایەتی گـۆڕان بکەن، دڵنیام گۆڕان لەبری ئەوەی پاشەکشە بکات بۆ دواوە یان لەڕووی جەماوەرییەوە لاواز ببێت، بەهێزتر دەبێتو رۆژ لە دوای رۆژیش جـەمـاوەری بەرینتر دەبـێـتـەوە، تاکە کارێک لەم بارودۆخەدا گۆڕانی پێ لاواز ببێتو رووبـــەڕووی شکستی بکاتەوە وەرچەرخاندنی بزووتنەوەکەیە بۆ حیزب، چونکە ئەگەر گۆڕان حیزب بێت یان بزووتنەوە یان هەر کۆمپانیای وشە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، حەشیمەتێکی زۆر هەن لەگەڵ داواکـانو خەونەکانی گۆڕاندان، کەوابوو جارێ هێشتا زووە بۆ پێکهێنانی حیزبو درەنگە بۆ کاراکردنی پتری گۆڕان.

Shamzini79@hotmail.com

پاش گەیشتنی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان-سلێمانی

چەند گەڕەکێک هێشتا گرفتی کەمیی ئاوی خواردنەوەیان هەیە

سارا محەمەد



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

بەهۆی نەبوونی سەعاتی ئاو و خراپ بەکارهێنانی ئاو لەلایەن هاوڵاتییانەوە، گەڕەکەکانی کوردستانو سارداو ئاویان پێنادرێت، هاوڵاتییانی گەڕەکەکەش دەڵێن: (٢٠) رۆژ جارێک بە تەنکەر ئاو دابەشدەکرێت بەسەر گەڕەکەکەیاندا.

شەهلا عەبدوڵڵا (٣٠ساڵ)، دانیشتووی گەڕەکی ساردار و که دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای سلێمانی، رایگەیاند: دوو ساڵ زیاترە تۆری دابەشکردنی ئاوی گەڕەکەکەیان تەواو بووە، بەڵام کێشەی ئاومان چارەسەر نەبووەو پێنج رۆژجارێک ماوەیەکی کەم ئاو دەدرێت بە ماڵان، هەروەها وتی: «لە کاتێکدا خانووەکەمان یەک نهۆمە، بەڵام ئاوەکە ئەوەندە کەمو لاوازە هیچ کات تەنکی سەربان ئاوی بۆ نەچووە».

ماڵەکانی گەڕەکەکە باس لەوە دەکەن، کە چەندجارێک سەردانی بەڕێوبەرێتی ئاویان کـردووە، بـەڵام بەدەنگیانەوە نـەهـاتـوونو کـێـشـەی کـەمـئـاویـی گەڕەکەکەیان وەکـو خۆی ماوەتەوە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی ئاوی سلێمانی هۆکاری کەمئاوییەکەیان دەگێڕێتەوە بۆ بەرزیی ئاستی گەڕەکەکەیانو رووکاری تۆبۆگرافیو بەرزونزمی کۆڵانەکان.

ئەندازیار، رزگـار عەلی دەڕوێـش، بەڕێوەبەری دابەشکردنی ئاوی سلێمانی باسی لەوەکرد، کە ئەمساڵ کێشەی ئاو لە چاو ساڵانی پێشوودا تارادەیەکی باش چارەسەر کـراوە، بەوپێیەی ئاوی سەرچنارو هێڵی یەکی دوکـان تەنیا سەرچاوەی ئاوی شارەکە بوو، نەیدەتوانی تەواوی ئاوی پێویستی شاری سلێمانی دابین بکات، بەڵام هێڵی دووەمی دوکان زۆرینەی کێشەی کەمئاویی چارەسەر کرد.

رزگار عەلی پێیوابوو؛ کە تۆبۆگرافیو بەرزونزمی ئاستی رووی زەوی شاری سلێمانی، هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە زۆربەی گەڕەکەکاندا چەند ماڵێک کەمئاوبن، ئاماژەی بەوەشکرد، کە بـەردەوام لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو گـەڕەکو ماڵانە، کاتێک تۆڕەکانیان بۆ تازە دەکرێتەوە یان کێشەیەکی هونەرییان هەبێت.

لێپرسراوی دابەشکردنی ئاوی سلێمانی خەڵکی شاری سلێمانی بە بەرپرسیاری یەکەم زانـی، کە «بەشێوەیەکی خراپ» بەسەر گـەڕەکو ناوچە جیاوازەکانی شارەکەدا، بەڵام بەپێی سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی، شارەوانی رێگە نادات سەعاتی ئاو بۆ ماڵەکان دابنرێت، تا ئەو کاتەی (پێوەرێکی یەکگرتوو) بۆ هەر سێ شارەکەی کوردستان دادەنرێت.

نەورۆز عەلی (٣٤ساڵ)، لە گەڕەکی کوردسات، کە دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانیو بناری چیای گوێژە، ئاماژەی بەوە کرد، کە گەڕەکەکەیان پێشتر بە تەنکەر حکومەت ئاوی بۆ دەهێنان، بەڵام ئێستاکە تۆری دابەشکردنی ئاویان هەیە تەنکەرەکان ئاویان بۆ ناهێنن، لە کاتێکدا بەهۆی تـۆری دابەشکردنی ئـاوەوە بەشێکی زۆری ماڵەکانی گەڕەکەکە ئاویان پێناگات.

بەشی زیادەڕۆیی لە بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی، (٣) لیژنەی چاودێریو سـزادانـی سەرپێچییەکانی خـراپ بەکارهێنانی ئاو و بەکارهێنانی موزەخە دانان لەنێو ماڵەکاندا، بەشێکی زۆریش لەو گەڕەکانەی کێشەی کەمئاوییان هەیە تیایدا ماڵەکان ناچارن پەنا ببەن بۆ زیادەڕۆییو گرتنەبەری رێگەی نایاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئاوی خواردنەوە.

بێستون عومەر مەجید، لێپرسراوی دابەشکردنی ئاوی تەنکەرەکان لە گردی جۆگە، وتی: بەڕێوەبەرێتییەکەیان بە هاوکاری کۆمپانیا بە تەنکەر ئاو بۆ ئەو گەڕەکانە دابیندەکات، کە تۆری دابەشکردنی ئاویان نییە یـان تـەواو نەکراوە، ئەو ماڵانەش کە کێشەیان لە ئاوی ماڵی خۆیاندا هەیە بەپێی پێویست یـارمـەتـیـان دەدەی تـا چـارەسـەری ئاوەکەیان دەکرێت.

ئاو بەکاردەهێنن‌و موزەخە بەکاردێنن‌و (سەعاتی ئاو- ژمێرەی بڕی بەکارهێنانی ئاو) دانانێن، هەر بۆیە رزگار وتی: «لە ئایندەدا چارەسەری بنەڕەتی کێشەی کەمئاویی لە سلێمانیدا بە دانانی سەعاتی ئاو دەبێت لە هەموو ماڵەکاندا».

رۆژانە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانییەوە نزیکەی (٤٠) هەزار مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە دابەشدەکرێت

لەسەر بەحرەکەی دوکانە

گەڕەکێک (٨) ساڵە ئاوی نییە

فاخیر تەلانی

گەڕەکێکی قەزای دوکان، کە (٨) ساڵە دروستکراوەو (١٨٠) ماڵی تێدایە، تائێستا ئـاوی خواردنەوەیان پێنەگەیشتووەو بە تەنکەرو لەسەر بودجەی وشکەسالّیی ئاویان بۆ دابیندەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆری شاری سلێمانیو پیرەمەگرون لە دوکانەوە ئاویان بۆ دابین دەکرێت.

گەڕەکی سارا، یەکێکە لە گەڕەکەکانی قەزای دوکانو لە (١٨٠) ماڵ پێکدێت، لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە دروستکراوەو تائێستا ئاوی خواردنەوەی پێنەگەیشتووەو رۆژانە بە تەنکەر ئاویان بۆ دەبرێت، تائێستا سوودیشیان لەو پرۆژەیە وەرنەگرتووە، کە (٦) مانگە کارەکانی تەواوبووە.

عومەر حەمە پیرۆت، دانیشتوویەکی گەڕەکی سارایە، باسی لە خراپیی بارودۆخیان کرد بەوەی، کە (٨) ساڵە ئاو بووەتە کێشەی سەرەکییان، لە کاتێکدا ئەوان لەسەر دەریاچەیەک ئاون، وتی: «بە دوو رۆژ جارێک بە تەنکەر ئاومان بۆ دێت زۆر رۆژیش ناچاربووین خۆمان ئاومان کڕیوە لەبەر ئەوەی بەشی نەکردووین».

ئەوەشی خستەڕوو؛ کە (٦) مانگ زیاترە پرۆژەی ئاوی گەڕەکەکەیان تـەواوبـووەو وەرگـیـراوە، بەڵام «تائێستا هیچ هاوڵاتییەکی ئەم گەڕەکە لێی سوودمەند نەبووە».

فەریدون محەمەد، سەرۆکی شارەوانیی دوکان نکۆڵیی لەوە نەکرد، کە خەڵکی ئەو گەڕەکە تائێستا بە تەنکەر ئاویان بۆ دەچێت، باسی لەوەشکرد، کە لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی پرۆژەی ئاوی ئەو گەڕەکە جێبەجێکراوەو (٦) مانگە تـەواو بـووەو لە بەڵێندەر وەرگیراوە، «بەڵام بەهۆی نەبوونی کارەباوە نەتوانراوە سوود لە پرۆژەکە وەربگرن، لە سەرەتادا محاویلەیەکی کارەباییان بۆ پرۆژەکە دانابوو، بەڵام سووتاو ئێستا تاکە کێشە کارەبایە، ئەگەر کارەباکەی چاک بکرێت دەتوانرێت دانیشتوانی ئەو گەڕەکە سوود لە پرۆژەکە وەربگرن».

بەڵام دانیشتوانی گەڕەکەکە ئاماژە بە پێویستی زوو کارکردنو خستنەکاری پرۆژەکە دەکەن، ئەوەش بەهۆی پێویستیی رایپکردنی کاری ماڵو ئاوی خواردنەوەیان.

نەسرین، ژنێکی دانیشتووی هەمان گەڕەکی قەزای دوکانە، ئاماژەی بە بێزاریی دانیشتوانی گەڕەکەکەیان کرد بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەیان، کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان و بۆ راییکردنی کاری رۆژانەی ماڵەکانیان پێویستیانە، باس لەوەش دەکات، کە هەرچەندە بە تەنکەر ئاویان بۆ نێردراوە، بەڵام ئەوە نەیتوانیوە کێشەی بێئاوییمان چارەسەر بکات‌و وتی: «(٨) ساڵە حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە ئاوی خواردنەوەمان بۆ دابین بکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە هاوڵاتیان لە شارو شارۆچکەکانەوە بۆ سەیران‌و گەشتکردن دێنە سەر ئەو بەحرەی لە قەزاکەی ئێمەدا هەیە، بەڵام ئێمەش لە بێئاویدا خەریکە قەزاکە جێبهێڵین».



گەڕەکی سارا لە دوکان

وەزارەتی پەروەردە لە بڕیندا پێشەنگو لە خەرجکردندا قڕە

هەموو مامۆستایەک هەقی خۆیەتی ساڵانە لە رۆژی دامەزراندنییەوە، سەرەموچەو سێ ساڵ جارێک بەرزکردنەوە (ترفیع) وەربگرێت، هەرچەندە ئەو پارەیەی کە بۆ ساڵێک خزمەتی مامۆستایەک خەرج دەکرێت لە ئاستی پێویستدا نییە، لەچاو ئەو هەڵرشتنی پارەیەی کە بە هەدەر دەدرێت لەم هەرێمەدا، بەڵام وەزارەتی پەروەردە ئەوەش بە شایانی مامۆستا نازانێتو بەدرێژایی ئەمساڵ لە سنووری پەروەردەی سلێمانیدا بەرزکردنەوەی (ترفیع)ی هیچ مامۆستایەک خەرج نەکراوە، بە بیانووی جۆر بەجۆرەوە، بە وتەی ژمێریارانی ناو پەروەردە فایلەکان لە وەزارەتەوە رەت دەکرێنەوە، بەڵام ئەم وەزارەتە هێندە چالاکە لە بڕیندا کە لە مانگێکدا بڕی (١٨٠) هەزار دیناری لە هەموو مامۆستایان بڕی، کە وەک دەرماڵە بۆی خەرج دەکرا، بۆیە داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەین کە بەرزکردنەوەکانی ئەمساڵمان لە کاتی حەقی خەرجکردنماندا بۆ خەرج بکاتو چیدی کەمتەرخەمیی بەرامبەر بە مافەکانی مامۆستایان نەکەن.. هیوادارین ئاگای لە وەزعمان بێتو کاتمان بە هەدەر نەدەن..

کۆمەڵێک مامۆستا

بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
بابەت/ سکالاّ

ئاگادارکردنی کارگێڕیی لە گەندەڵیی لە حوکمی قەرەقوشدا تاوان نییە، بەڵام لە تاپۆدا تاوانە!! هەروەها سزاکەی گواستنەوەیەو لەبری دز خاوەنماڵ دەگیرێت! لە تاپۆی سەیدسادق بە هەزاران نەخشەوە بۆ هەر دانەی (١٤٠$) دۆلار وەردەگیرێت (بەبێ وەسڵ)، کە قەدەغەیە دوای دەوامیش کاری وابکرێت، چ جای فەرمانگەش ئیستغلال بکرێت، وەرگرتنی کرێی کەشف‌و ئۆتۆمبێل و عەریزەو عیلمۆخەبەڕپرکردنەوە لەلایەن بەڕێوەبەرەوەو زۆر شتی دیکەی ئیستغلالی فەرمانگە.. بەڕێوەبەر لە تۆماری واژۆی رۆژانەدا لەبری فەرمانبەری دیکە (٨) مانگ لەسەر یەک (لە تەنیشت ناوی منداا) ئیمزا دەکات! ناوبراو لە (١١)ی شەو کە هاندم کوژاوەتەوە بە مۆبایلی دراوسێم ژمارە (٠٧٧٠٣٦٨٤٦٦١) تەکلیفم لێدەکات، زانیاری نەدرکێنمو دڵنیام دەکاتەوە کە لەسەرووتر دەبری دەکات! ناوبراو بە ئاشکراو بە فەرمی گاڵتە بە سەرووتری دەکات، چۆن ئیفادی وەهمی دەنووسن!.. کاتێک کەشفێکم خستەڕوو بۆ بازاڕێکی نموونەیی عەصری ٣ نهۆمی (قەیسەری شنرۆیی هەڵەبجە)، کە هەر نهۆمەی سەدان دوکانی تێدایەو سەرجەم نرخی هەمووی خەملێنرابوو بە تەنیا دوو ملیۆن دینارو بەس! (کە ناکاتە نرخی قوفڵی دەڕابەکان!) سەیرتر نووسراوە کەلاوەیەکی کۆنەو هاکا بڕوخێت!!! لەبری ئیجرائات لە گوڵێک کاڵتر لێپرسینەوە نەکراوەو پێوترا، چۆن شتی وا دەخەیتەڕوو! کێشە دروستدەکات!! تەنانەت گەیاندمە دادگاش، مەخابن نووسراوی ژمارە (٧٦٠)ی دادگای لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی داد پشتگوێخراو بەربەست کرا بەم وەڵامە: لیژنەمان پێشنیاز ناکات ئەم کێشەیە بگاتە دادگا!! بەبێ هۆ فەرمانی وەزاریی دەردەچێت بە لابردنی بەڕێوەبەری ژمێریاریی وەزارەت‌و هێنانی کەسی دیکە لە فەرمانگەی دیکە!! لەپڕ چەندین دەفتەر دۆلار لە وەزارەت دیار نامێنێتو پاشان لە راگەیاندنی دەبیستی کە دەرگای چەند فەرمانگەی داد دادەخرێن‌و بۆ لێکۆڵینەوە سوێندی سەرجەم فەرمانبەران دەدرێت.. لە رۆژنامەیەکی فەرمیدا بە بەڵگەوە رووتنمکردەوە، لە وەزارەتی داد خۆڵ دەکرێتە چاوی یاسا! داوای لێکۆڵینەوەم کرد تا زانیاریی زیاتر بدرکێنم، مەخابن فەرامۆشکرا، دەبوایە ئەگەر بەڵگەکانم نادروستبوونایە، فەسڵبکرامایەو عەزلیش، تەنانەت ئەگەر بەڵگەکانم زیندوو نەبوون، داواکارم بدرێمە دادگاو لەسەری سزای (أخبار کاذبة) (٧ ساڵ) سجن بکرێم....

سکالاّکار
عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد- بەڕێوەبەری هونەریی

ژمـــارە (545) سێشەممە 2009/9/1
info. rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، ئەرکی راستەقینەی بزووتنەوە چییە؟

خەبات لاوباخ

مانەوەی مرۆڤ و خۆ گونجاندن لەگەڵ سروشتدا لەسەر گۆی زەوی تەنیا بناغەکەی گۆڕانە، خۆراگرتن بەرامبەر بە کارەساتی دڵتەزێنی سروشت و بەرەوپێشچوونی ژیانی رۆژانەمان لەگەڵ زانست و تەکنیک و دیجیتاڵ و بەرهەمی نوێی سەرسوڕهێنەری ئەلیکترۆنیی سەردەم دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و تێگەیشتمان بۆ ئەم سەردەمەی گلۆبالیزمە، کە جیهانی بچووک کردووەتەوە و هاویشتوویەتییە ناو چوار دیواری ژووری دانیشتنەکانمان، بۆیە جگە لە وڵاتانی دواکەوتوو خاوەن دەسەڵاتی بنەماڵەی بیرتەسک و سیستمی دیکتاتۆریی، لە گشت وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا لە هەوڵی بێ وچاندان بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاریی لە هەموو چەمکەکانی ژیان تا بتوانرێت وا لە نەوەی نوێ بکرێت لەگەڵ گۆڕانکاریی سروشت و زانست، گۆڕانکاریی لە جۆری بیرکردنەوە، پەروەردە، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بیری رامیاریی بکرێت و وڵاتەکەیان سوودمەند بن لێیان، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمە ساواکەی ئێمەدا لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردووی دەسەڵاتدارێتی پارتە کوردییەکاندا جۆری بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر سیستمی کلاسیکی (ڕێژەی نەگۆڕ) دەبڕێت بەڕێوە، لە سەدەی (٢١) دا تەنیا بیر لە دەسەڵاتی بنەماڵە دەکرێتەوەو دەسبەرداری دەسەڵات و سەرۆکایەتی پارتەکەیان نابن و ڕێخۆشکەر نابن بۆ هاتنە ناوەوەی نەوەی نوێی لێهاتوو بۆ ناو گۆڕەپانی رامیاریی و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە.

ئەو سیستمی کۆنەپەرستییەی لە هەرێمدا دەویستڕێت بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت، سیستمی شوان و سەرە مەڕەکانە، لەلایەن خاوەن مەڕو کاوەڕ گێژەکانەوە هەوڵ دەدرێت لەڕیی شوانەکانیانەوە بلەوەڕێن و ڕێڕەوی ژیانیان بە ئاسانی بە داری دەستی شوانەکە دیاری بکرێت و لە کاتی پێویستدا بفرۆشرێن و گیرفانی خۆیانی پێ پڕ بکرێت، لە شاردا کۆشکو تەلاری پێ دروست بکرێت یان لە کاتی ئاهەنگ گێڕان و ناخۆشیدا (تەعزیە) دا سەربڕێن و بێن بە خۆراکی ڕۆژانەیان، بەڵام ئەمڕۆ دەنگی ناڕەزایی لە هەندێ لە شارەکانی هەرێم بەرزبووەتەوە، دەویستڕێت نیشانی دەسەڵات بدرێت، چیتر میللەت نایەوێت بلەوەڕێنرێت، پێویستە میللەت خۆی بڕیار بەدەست بێت و ڕێڕەوی ژیانی خۆی، خۆی دەستنیشانی بکات، نەک شوانی خاوەن دەسەڵاتدارەکان، ئەمەش لە داوی هەڵبژاردن، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی هەڵمەت و قوربانیی دەسپێشخەریی کرا لەم گۆڕانکارییەداو بووە سەرچاوەی هەڵقوڵاندنی ناڕەزایی و بزووتنەوەی گۆڕان، کە هیوادارم لە ناوچەکانی دیکەدا ئەم ڕێچکەیە بگیرێتەبەرو هەنگاو بنرێت لە دەرباز بوونیان لەژێر رکێفی شوانی ئاغاو دەسەڵاتدارانی بنەماڵە.

لە وڵاتانی ئەورووپادا، کە میللەت کارتی ناڕەزایی لە ڕووی دەسەڵات بەرز دەکاتەوە، دەنگ بە پارتە بچووکە ڕاستڕەوەکان دەدات، لەگەڵ ئەوەی (٩٨٪)ی دەنگدەران بڕوایان بە پەیڕەوو پڕۆگرامەکانیان نییە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتداران ئاگادار بکەنەوەو چاو بە کردارەکانیاندا بخشێننەوە، هیوادارم لە کوردستانیش بەم شێوەیە نەبێت، کە (٢٥٪)ی دەنگی بە بزووتنەوەی گۆڕان داوە، بەڵکو لە دڵو هەستەوە بڕوایان بەو گۆڕانە هەبێت، کە پەیمانیان بە دەنگدەرانیان داوە، هەوڵی گۆڕانکاریی بدەن، میللەت لەم سەرشۆڕییو چەوساندنەوەو نادادپەروەرییەدا رزگار بکەن.

بۆیە ئەرکی گۆڕان گرانە لە ماوەی (٤) ساڵی رابـــردوودا دەردەکـــەوێـــت، کە ئـەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی هـەڵـقـوڵاوی دڵو دەروونـــەو شەپۆلی ناڕەزایی ڕاستەقینەیە، یان تەنیا هەوڵدانە بۆ جێگۆڕکێ و گرتنەدەستی پلەوپایەو ڕکابەری لایەنێکەو هەوڵدانە بۆ جێ پێلەق کردنیان، بۆیە من بە پێویستی دەزانم بزووتنەوەی گۆڕان چەند هەنگاوێکی بە پەلە بنێت بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە، تاکو زۆرتر پەلوپۆ بهاوێژێتە هەر کون و قوژبنێکی ئەم هەرێمەو کۆتایی بهێنێت بە دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆسەپێنەر بەسەر میللەتدا وەک:

* بەپەلە خۆ ڕێکخستن لەناو بەرەیەک یان ڕێکخراوێکی سیاسیی بنکە فراوان و دیموکراتخوازو کۆکردنەوەی کێژان و کوڕانی بەتوانا.
* پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی کۆنە دزو گەندەڵەکان و خۆفرۆشان لەم بزووتنەوەیەدا تا میللەت بەدڵ متمانەیان پێببکات.
* گرتنەبەری ڕێبازی ئۆپۆزسیۆن و بە هیچ شێوەیەک بەشدار نەبوون لە دەسەڵاداریدا تا نەبنە هاوبەشی دزیی و گەندەڵیی.
* جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەی بە دەنگدەرانیان داوە، هەوڵی بێوچان بۆ هێنانەدییان.
* سەلماندنی نیازپاکییان لە پێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا، هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانییان، ڕۆشنبیرکردنیان و نەهێشتنی جیاوازیی ژنان و پیاوان و هێنانەدی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و رامیاریی.
* دژایەتینەکردنی هیچ پارت و سیاسەتمەدارو ڕێکخراوێکی کوردی و کوردستانییو هەوڵدان بۆ نەمانی تۆوی خۆخۆڕیی و کوردکوژی و پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لەسەر ئەم ڕێڕەوە، سیاسەتکردن لەپێناو خزمەتی کوردستاندا، نەک بۆ دوژمنایەتی کردنی لایەنێکی دیکە، کارکردن بۆ دژایەتیکردنی ئەم وتەیە (ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرا،پێمان تێک دەدرێت).
* هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی پارت و دەسەڵات، لەگەڵ ئایین و دەسەڵات.
* هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دۆستو لایەنگرانی ناوەوەو دەرەوە بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی کوردو گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و دانانی بەردی بناغە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە داهاتوودا، نەک هەر بیرکردنەوە لە دەسەڵاتی بنەماڵەو خۆ دەوڵەمەندکردن.
* هەوڵدان بۆ دەرخستن و سزادانی دەسەڵاتدارانی دزو گەندەڵ و گەیاندنیان بە دادگا بۆ لێپرسینەوەیان.

لە ڕاستیدا لە ماوەی (٤) ساڵی داهاتوودا لێهاتوویی و کاری ئەم بزووتنەوەمان بۆ دەردەکەوێت و هیوای سەرکەوتن و پەلهاویشتنی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دەخوازین، ئاواتەخوازم دەرکەوتنی ئەم تروسکەی گۆڕانکارییە هەموو ئاسمانی تاریکی گەندەڵستانی هەرێمی کوردستان ڕووناک بکاتەوەو ببێتە دەرمانی دەردی گەندەڵیو دواکەوتوویی و لە ناوبردنی میکرۆب و ڤایرۆس.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
(پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن)

ژمارە/ ١٥٠١٣
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٣٠

ئاگادارییەک لە پارێزگای سلێمانییەوە:

بۆ سەرجەم/ خاوەن چێشتخانەو ڕێستورانت و شوێنە گشتییەکان و یانەکانی خواردن و خواردنەوە
ب/ کۆبوونەوە

بە بۆنەی گەڕانەوەی بەڕێز دانا احمد مجید پارێزگاری سلێمانی و لەسەر فەرمانی بەڕێزیان، ئاگاداری سەرجەم خاوەن چێشتخانەو ڕێستۆرانت و شوێنە گشتییەکان و یانەکانی خواردن و خواردنەوە لە شاری سلێمانی و سنووری پارێزگای سلێمانی دەکەین کە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی ئامادەبن بە مەبەستی هاوبەشی کردن لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا.

لەگەڵ ڕێزدا.....
عمر احمد امین

ونبوون

* سێ ڕۆژ لەمەوپێش بڕی نزیکەی دەفتەرێک دۆلار لە تەکسییەکی جۆری مازدادا ون بووە، هەرکەسێک دۆزییەوە با پەیوەندی بکات بە ژمارە موبایلی (٠٧٧٠١٩٠٥٤٤٣). خەڵات دەبەخشرێت بەو کەسەی دەیدۆزیتەوە.
* پێناسێکی باری شارستانی بە ناوی (ڤینا زرنگ ئاوات) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە با پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠٢٢٤٥٦١٧).

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٧ – R٣

پرۆژە: دروستکردنی تانکی ئاو (٣٠٠ م٣) لە ناحیەی رزگاری (دووبارە ١).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٤ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تومارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێببێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٢ – R١

پرۆژە: ئاوەڕۆی ئیفرازەکانی (٢٥)ەکان لە بەکرەجۆ.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٣ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تومارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێببێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادنووسی سلێمانی/ دووەم

ژمارە: ت
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٣١

(ئاگاداری و بلاوکردنەوە)

تۆمارکردنی ئامێری کارگەی (نورپ گلاس) بۆ دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی پلاستیکی و شوشە دوانەکردنی.
بە گوێرەی داواکاری لەلایەن بەڕێز (بیستون جلال فقی محمد، پشت سایلۆکە)
